# خۆیبوون

# هیوا

# ژ.ک

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی



هیوا عەزیز سەعید

# کۆمەڵەی خۆیبوون - پارتی هیوا - کۆمەڵەی ژێکاف

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لەمێژووو ستراتیژو کاری نەتەوەییان

نوسینی:

**هیوا عەزیز سەعید**

مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی مێژووی کۆلێژی

زانستەمرۆڤایەتیەکان

مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی گەڕەکی ئاشتی (١٠٤)

شەقامی ئاشتی (١٠٣٢,٣٢)

ژ. خانوو (٦٢)

www.hoshyari.com

govarynovin@yahoo.com

# کۆمەڵەی خۆیبون - پارتی هیوا - کۆمەڵەی ژێکاف

بابەت: مێژوو
نووسینی: هیوا عەزیز سەعید
دیزاین و بەرگ: سۆران عەبدوڵڵا
تیراژ: (٥٠٠)دانە
ژمارەی سپاردن: (٧٥١)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پێدراوە
چاپ: چاپخانەی (یاد) سلێمانی ، شەقامی مەولەوی بازاڕی سۆز
لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی.ن.ک) ٢٠٠٦

# پێڕست

پێشەکی

**بەشی یەکەم- کۆمەڵەی خۆیبون (دامەزراندن - پرۆگرامو ستراتیجی نەتەوەیی):**

یەکەم- دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبون

دووەم- پرۆگرامو کارنامەی ناوخۆیی

سێیەم - ڕەهەندەکانی کاری خۆیبون

**بەشی دووەم- پارتی هیوا (دامەزراندن- ئایدۆلۆجیاو ستراتیجی نەتەوەیی):**

یەکەم - دامەزراندنی پارتی هیوا

دووەم - پارتی هیوا لەڕووی ئایدۆلۆژیو بەرنامەوە

سێیەم- چالاکیو ستراتیجی نەتەوەیی هیوا

**بەشی سێیەم - کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک):**

یەکەم – دامەزراندنی ( ژێکاف )

دووەم- پێڕەوی ناوخۆی ژێکاف

سێیەم- چالاکیوکارەکانی ژێکاف

چوارەم- گۆڕانی (ژ.ك) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان

بەشی چوارەم - خۆیبوون- هیوا- ژێکافو بەراوردێك لەستراتیجو کاری نەتەوەییان:

یەکەم- ڕێکخستنەوەی هەوڵەکانو کاری دەستەکۆیی

دووەم- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی لەچارەنوسی ئۆرگانەکاندا

سێیەم- سومبولی پیرۆزو وردە بورژوازی کورد

چوارەم – ئەندامێتیو هەوڵی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کەسێتیو عەقڵی تاکەکاندا

پێنجەم -ئایین لە پێکهاتەی هەرسێ ئۆرگانەکەدا

شەشەم- هەوڵوشانو گۆڕانی (خۆیبون - هیوا -ژ.ك)و تەسکبوونەوەی دروشمەکان

ئەنجام

ژێدەرەکان

## پێشه کی :

کۆمەڵەی خۆیبونو پارتی هیواو ژ.ک، سێ پێکهاتەی نەتەوەیی کوردین لەهەرسێ پارچەی باکورو باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەریەکەیان لەناوەندو سنوری چالاکی خۆیداو لەماوەی جەنگی جیهانیدا بەمیتۆدو پرۆگرامی تایبەتی لەهەوڵی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیدا تاکەکانی بەهەموو گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە لەخۆی کۆدەکردەوە، پاشان بەکۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی چالاکی و ناوی ئەمانیش کۆتایی پێدێت.

بۆ دەرخستنی پرۆگرامو شێوازی هەریەکێکیانو پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتریدا، بەمەبەستی خوێندنەوەی عەقڵی کوردی لەو سەردەمەداو زانینی ڕێژەی کاریگەری سنورە دەستکردەکانی کوردستانو پێکهاتەی دروشمو جیاوازیەکانیانو سەرەنجامی هەرسێکیان ئەم لێکۆڵینەوە تایبەت دەکەین بە (کۆمەڵەی خۆیبون- پارتی هیوا- کۆمەڵەی ژ.ك/ بەراوردێك لەستراتیجی کارو نەتەوەییان).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی بەرجەستەدەکات کەئەمە لەپێشتردا نەکراوەو تیشکی نەخراوەتەسەر، لەبەرئەوە

ئێمە هەوڵدەدەین بەمیتۆدێکی بەراوردکاری- شیکاری باسیان لێوەبکەین.

توێژینەوەکەمان بەسەر چوار بەشدا دابەشکردوەو لەبەشی یەکەمدا باسمان لەکۆمەڵەی خۆیبونو پرۆگرامو کارنامەی خۆیبون کردووە، لەبەشی دووەمدا ئاماژە بۆ پارتی هیواو دامەزراندنو پرۆگرامو بەرنامەکەی کراوە، دواجار تیشك خراوەتە سەر چالاکیو ستراتیجی نەتەوەیی پارتی هیوا.

بەشی سێیەم تایبەتە بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك)و شێوازی دامەزراندنیو ناوەڕۆکی پرۆگرامی نێوخۆییو چالاکیەکانی، دواتر باس لەگۆڕانی (ژ.ك) کراوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەشی چوارەمیش تایبەتە بە بەراوردکاری نێوان هەرسێ ئۆرگانەکە لەڕووی ستراتیجو کاری نەتەوەییان لەسۆنگەو کەناڵی جۆراو جۆرەوە.

دیارە بۆ ئەم توێژینەوەیە سود لەچەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە، دیارترینیان نامەی دکتۆرای (دکتۆر یاسین سەردەشتی) یە، کەتایبەتە بەکوردستانی ئێران لەماوەی نێوان (١٩٣٩-١٩٧٩)و زۆر سوودم لێوەرگرتوە.

هەروەها کتێبەکەی (ڕۆهات ئالاکۆم) کەتایبەتە بە(خۆیبونو شۆڕشی ئاگری) زۆر زانیاری وردی لەبارەی کۆمەڵەی خۆیبون

پێشکەشکردووە. هەروەها کتێبەکەی (فەیسەڵ دەباغ) بەناوی (حزبی هیوا ۱۹٤۳-۱۹۷۹و شۆڕشی بارزانی)، ئەمانەو چەند سەرچاوەیەکی ترو چەند گۆڤارێك.

## بەشی یەکەم

# کۆمەڵەی خۆیبون
(دامەزراندن - پرۆگرامو ستراتیجی نەتەوەیی)

## یەکەم- دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبون:

دوای شکستی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەساڵی (١٩٢٥)دا، تورکە کەمالیەکان بەشێوازێکی زۆر توندوتیژ لەدژی تاکەکانی نەتەوەی کوردو هێزە کوردییەکان مامەڵەیاندەکرد، لەلایەك هێزەکانی تورك کەوتنە تالأنکردن و دزینی ماڵو سامانی کوردو کاولکاری گوندەکانو سوتاندنیانو کوشتنی پیرو ژنو منالو دەرکردنی خەڵکی کورد لەزێدی بابو باپیرانیان[1]، بەجۆرێك لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٢٨)و لەناوچە کوردییەکاندا نزیکەی (٢١٧) گوند سوتێنرانو (٨٧٩٥) خانوو کاولکرانو (١٥٢٧٧) کەسیان کوشتبوو[2]. لەلایەکی ترەوە دەستیکردە ڕاوەدونانو دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان، بەتایبەتی سەرکردەکانی

---

1 لوسيان رامبو: الكرد والحق، ترجمة: عزيز عبدالأحد النباتي، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨، ص٤٦.

2 محمد صالح طيب الزيباري: خويبون وإنتفاضة آرارات (١٩٢٦-١٩٣٠)، گۆڤاری (کاروانی ئەکادیمی)، ژمارە(١)، بەرگی یەکەم، زستانی١٩٩٧، هەولێر، ل١٥٩.

(کۆمەڵەی ئازادی) کەسەرکردایەتی شۆڕشی ساڵی (١٩٢٥)ی کردبوو، هەروەها ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، هەندێك لەو سەرکردانەی دەستگیرکردو لەڕێگەی دادگای سەربەخۆییەوە فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، ئەوانی تریش ڕوویانکردە سوریاو عێراق لەپێناو ڕزگاربوونیان لەو شاڵاوانە بوونە پەنابەر لەم وڵاتانەدا، تەنانەت دڕندەیی دەوڵەتی تورك لەلێدانی کورددا بەشێوازێك توندوتیژبوو ئەو کوردانەشی گرتەوە کە لەڕیزی سەربازە تورکەکاندا چەکداربوون[٣]، ئەم سیاسەتەی تورکیا زیاتر بووە مایەی هاندانو وورووژاندنی هەستی نەتەوەیی کوردیو چالاککردنی تاکەکانی کورد، لەبەرئەوە جارێکی تر پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵەو گروپە ڕۆشنبیریو سیاسیەکانی کورددا دروستبووەوەو زۆرینەی هۆشیارو خەباتکاری کوردی ئەوکاتە پاڵپشتی خۆیان بۆ خۆڕێکخستنەوەو داڕشتنی نەخشەو پلانی نەتەوەییو داگیرساندنەوەی بزاوتێکی نوێ دەربڕی، کە دواجار لەچوارچێوەی (کۆمەڵەی خۆیبون- خۆیبون جڤاتا وڵاتی کوردان)دا گەڵاڵەکرا، ئەمەش دوای ئەوەی (مەمدوح سەلیم) وەك یەکەم کەس لەپێناو ئەم ڕێکخراوەدا وەك بازنەیەکی پەیوەندی

---

[3] ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبونو شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕانی: شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٢.

دەكەوێتە چالاكیو پەیوەندی بە (د.محەمە شوكری سەگبانو ئیحسان نوری پاشاو عەلی ڕەزای كوڕی شێخ سەعیدو مستەفا شاهین سەرۆكی هۆزی بەرازی شەریف پاشا كەئەو كاتە لە پاریس بووو جەلادەت بەدەرخان لە میسر)و چەندانی تر[٤]، لەهەمان كاتداو لەلایەكی ترەوە (سەید عەلی ڕەزا) بەهۆی (مەلا ئەحمەدی شوزی)و بەهاوكاری (فەقێ عەبدوڵڵای جزیری)ەوە پەیوەندی كردووە بە پەناهەندەكانی عێراقو سوریاو ئیران، هەر بەهۆی ئەم دوو كەسایەتیەوە لەدهۆكو زاخۆ پەیوەندی بەسەركردەكانی كوردەوە كردووە، هەروەها عەلی ڕەزا پەیوەندی بە (شێخ عەبدولڕەحمانی گارسیو عەلی خانی شرنخیو جەعفەر ئاغای ئەرمیو گورگین ئاغای بەرواریو حازم بەگی زاخۆیی)ەوە كردووە، ئەم كەسایەتیانە هەموویان بەڵێنی هاوكاریو پاڵپشتی عەلی ڕەزایان دووپاتكردۆتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە عەلی ڕەزا نوێنەری خۆی ناردووە بۆ سوریاو (حاجو ئاغا)ی سەرۆكی عەشیرەتی (هەڤێركان)و (ئەمین ئەحمەد) سەرۆكی هۆزی (ڕمان)و (بەدرەدین ئاغا)ی سەرۆكی خێڵی (هەبسبان)و عەشیرەتەكانی بۆتانو بادینانی بۆ كۆنگرەیەك بانگێشتكردووە[٥]، ئەنجامی هەوڵەكانی هەردوولا كە ئاگاداری یەكدی بوونو پەیوەندیان

---

[4] محمد صالح طيب الزيباري: خوييبون وإنتفاضة آرارات، ل١٦٠.

[5] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

بەیەکترەوە هەبوو، لە (مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٢٧)داو لەماڵی (پاپازیانی ئەرمەنی)[*] لەسوریا، دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردو کوردستان کۆنگرەی دامەزراندن لە (١٩٢٧/١٠/٥)دا دەستپێکرد، لەم کۆنگرەی بەراییەدا کە(٥) ڕۆژی خایاند، بەشداربووان لەئەنجامی گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر چەند پرەنسیپێکی بنەڕەتی گەیشتنە ڕێکەوتنێك‌و لیژنەیەکیان بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵە پێکهێنا، بەشداربووانی کۆنگرەی دامەزراندن بریتی بوون لە:

١-د.شوکری محەمەد سەگبان (کەیەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە ئەستەمبوڵ) سەرۆکایەتی کۆنگرەی کرد.

٢-جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان.

٣-حاجو ئاغا سەرۆکی خێڵی هەڤیرکی.

٤-بوزان شاهین بەگ سەرۆکی خێڵی برازان.

٥-مستەفا شاهین بەگ.

٦-ئەمین ئەحمەد سەرۆکی خێڵی ڕمان.

٧-بەدرەدین ئاغا سەرۆکی خێڵی هبسبان .

---

* پاپازیانی ئەرمەنی ئەندامی پارتی تاشناقی ئەرمەنی بوو ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە هاوکاری کردنی کوردەکانداو ئەلقەی پەیوەندی نێوان کوردو ئەرمەن بوو.

٨-مەمدوح سەلیم (کەلەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) بوو.

٩-[illegible]ەهمی لیجی (نووسەری شێخ سەعیدی پیران).

١٠-مولازم کەریم لە کوردی باشووری کوردستان.

١١-مولازم کامیل لە کوردی باشوری کوردستان.

١٢-مەلائەحمەد شوزی.

١٣-فەقێ عەبدوڵڵای جەزیری[٦].

دوای ئەوەی لەمیانەی ئەم کۆنگرەیەدا سەرکردایەتی کورد لەسەر خاڵە سەرەکیەکان ڕێکەوتن‌و دانیشتنەکانی کۆنگرەیان بۆ هاوینەهەواری (بحەمدون) لەنزیك شاری (بەیروت) گواستەوەو تا(٢١/١٠/١٩٢٧) درێژەی پێدراو لەم دانیشتنەدا ژمارەیەکی زۆرتری کورد لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە بەشداریان تێداکرد[٧]. کۆنگرە بڕیاریدا هەموو حیزب‌و گروپە سیاسیەکان خۆیان هەڵوەشێننەوەو هەموویان پێکەوە حیزبێکی یەکگرتوو دامەزرێنن بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی خەباتی گەلی کورد بکات، هەموو هێزە ئازادی‌و سەربەخۆخوازەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوەو

---

[6] محمد صالح طیب الزیباري: خوییبون وإنتفاضة آرارات، ل١٦١-١٦٢.

[7] شیاوی باسە جیاوازی نێوان نوسەران‌و مێژوونوسان لەسەر شوێن‌و ڕۆژی بەستنی کۆنگرەو تەنانەت بەشداربوانیش دەبینرێت‌و هەیە {بڕوانە: ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبون‌و شۆڕشی ئاگری، ل ١٢-١٤}؛ محمد صالح الزیباری: خوییبون وانتفاضة، ل ١٦٢.

تادەرکردنی دواسەربازی تورك لەکوردستان درێژە بەشۆڕش بدات، لەم کۆنگرەیەدا کەنوێنەرانی هەمووگروپە سیاسیەکان لەسەرانی خێڵەکانو گەورە پیاوانو ڕوناکبیرانی کوردو نوێنەرانی هێزی پێشمەرگە بەنهێنی کۆبونەوەو بەشداریان تێداکرد، سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێ بەناوی (خۆیبون) ئاراستەی وەرگرت(٨).

## دووەم- پرۆگرامو کارنامەی ناوخۆیی:

دوای ئەوەی خۆیبون لەدەرئەنجامی تواندنەوەی چوار پارتو ڕێکخراوی کوردی لەدایکبوو، لیژنەی سەرکردایەتی خۆیبون ئەندامو لایەنگرانی هەریەك لەو چوار پارتو ڕێکخراوەی لەخۆگرتبوو کە بریتی بوون لە:

١-کۆمەڵەی تەعالی کوردستان.
٢-کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد.
٣-فیرقەی میللی کورد.
٤-جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد.

---

[8] دکتۆر عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری ی نیشتمانی ی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، چ ٣، ١٩٩٨، ل ١٢٤.

هاوكات هەندێكی تر پێیانوایە لەجیاتی (جەمعیەتی تەشكیلاتی ئیجتیماعییەی كورد) ڕێكخراوێكی تر بەناوی (ڕێكخراوی بەرەوپێشبردنی كوردستان) بەشداریكردووە[9]. پرۆگرام‌و كارنامەی نێوخۆیی خۆیبون لەساڵی (١٩٢٨)دا بەناوی (نظام عومی پیمان ملی)ەوە بڵاوكراوەتەوەو لە(٣٤) مادەدا دەخوێنرێتەوە، سەرەڕای دوولاپەڕەی كۆتایی ئەم بڵاوكراوەیە ناخوێنرێتەوە، بەشی كارنامكی (نظام عومی) لە (٣١) مادە پێكهاتووە، پاشكۆكەشی (پیمان ملی) لەمادەی (٣٢)ەوە دەستپێدەكات، لەپرۆگرام‌و كارنامەی خۆیبوندا ئامانجەكان لەسێ خاڵدا دارێژراوەكە:

١-ڕێكخراوەكە ڕێكخراوێكی نەتەوەییەو ناوی (خۆیبون)ە.

٢-ئامانجی ڕزگاركردنی كوردستانە لەژێر داگیركاری توركداو دروستكردنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی ئازادو سەربەخۆیە لە سنوری خۆرسك‌و نەتەوەیی كوردستاندا.

---

9 د.عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن١٩٠٨-١٩٥٨، شركة المعرفة للنشرد والتوزيع، بغداد، ١٩٨٩، ص٦٤؛ محمد صالح الزيباري: خويبون وانتفاضة، ص ١٦٢؛ ئالأكۆم: خۆیبون‌و شۆڕشی ئاگری، ل ١٢.

٣-لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا ڕێکخراوەکە هەوڵدەدات سەرلەبەری کورد لەخۆی کۆبکاتەوەو لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەرانبەردا لەگەڵ هەموو ڕەگەزێکدا پەیوەندی ببەستێت.

هەروەها لەمیانەی ئەم پرۆگرامە نێوخۆییەدا مەرجەکانی بوونەئەندام دیاریکراوەو هەرئەندامێك پێویستبووە مانگانە ئابوونە بدات، لەهەمان کاتدا پێویستبووە لەبەردەم دەستەیەکی بەرپرسدا ئەم سوێندە بخوات: "سوێند بەشەرەفو ناموسم دەخۆم کەهەر فەرمانێکی ڕێکخراوەکە بیداو سەرلەبەری ئەوفەرمانانەی کەلەلایەن کەسێکی بەرپرسو دەستەکانەوە دەدرێن لەهەرکوێ‌و لەهەرکاتێکدابێت قبوڵ بکەم، تەنانەت ئەگەر سەریشمی تێداچێ مافی ئەوەم نیە لەسەری هەڵدەمێ دەقاودەق، وەك خۆیان چۆنن، بەوجۆرەیان بەجێبێنم لەهەرچی ڕێکخراوو کەسانێك، کەشەخسی، تائێستا دەگەڵیاندا هاوسەرو کارم بنەبڕ وازبێنم‌و لەپێناوی ئامانجی نەتەوەییدا لەبیرو باوەڕی خۆییبون بەولاوە، بڕوا بەبیروباوەڕی هیچ ڕێکخراوێکی دیکە نەکەم. هەرچی پێناو دەزگایەکم لەبن دەستدان، یالەبن دەستدابن، لەژێر فەرمانی ئەم ڕێکخراوەدا ئامادەیان کەم‌و بێ‌فەرمانی ئەم ڕێکخراوە، نەبەنێوی ڕێکخراوەکەوە، نەبەخوایشتی شەخسی خۆمەوە، دەکاریان نەبەم. چ تێکڕا بەوەی کەئەندامی ڕێکخراوەکەم‌و چ بەپێ ی ئەوکارانەی لەئەستۆی خۆیان دەگرم،

هیچ نهێنییەك ئاشكرانەكەمو لەپێناوی ئەونهێنییەو ئەو ڕێكخراوە، هەرسزایەكم بەسەردا بدرێ، تەنانەت لەسەریشم بدەن، قوبووڵی بكەمو ـ سەر خۆمی جێبەجێ بكەم، واللەو باللە"[10]، سەرەڕای ئەم سوێندە، ئەندام پێویستبوو ئەم سوێندەش بخوات و پەیمان بدات كە "لەم كاتەوە، كەئەێستا ئەو سوێندنامەیە مۆردەكەم، ئەگەر لەمەودای دوو ساڵدا مەترسیەكی، كەگەفە لەبوونی نەتەوەو ئاسایشی كورد نەكاو ژیان و شەرەفم، یاكەسانێك، كەلەسەریان پێویستە خێزانی خۆیان و كوردایەتی بپارێزن (كەمن دەبەرانبەریاندا بەوەزیفە پابەندم) لەلایەن كوردێكی دیكەوە بەر هێرش و شاڵاو نەكەون، هەرگیز چەك لەڕووی هیچ كوردێكدا هەڵنەكێشم و چارەسەری ناكۆكی و تۆڵەسەندنەوەو سەربەهای خوێن، بخەمە پاش ئەودووساڵەو بەهەر توانستو گوردمەوە لەهەر خوێن ڕشتن و كوشتارێك، كەلەسۆنگەی شتی شەخسی لەنێوان دوو كورددا سەر هەڵبدەن، بەرەوبڕی بكەمو سوێند بەئایین و شەرەفمو پیرۆزەكانم دەخۆم، واللەو باللە هەركەسێ ئەم سوێندە بشكێنێ دوژمن و غایەنی نەتەوەی كوردەو سزای هەر غایەنێكیش مەرگە"[11]، هەرلەمیانەی ئەم

---

10 ئالاكۆم: خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ل ١٥-١٧.

11 هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

کارنامەیەدا کۆنگرە بڕیاری لەچەند لایەنێکی گرنگدا کەدیارترینیان بریتی بوون لە:

١-هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخراوە نەتەوەییەکان بەمەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەرانسەری.

٢-درێژەدان بەخەبات تاوەدەرنانی دوا سەربازی تورك لەسنورەکانی کوردستان.

٣-پێش دەسپێکردنی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری:

أ. دروسکردنی فەرماندەییەکی گشتی کوردی .

ب. ڕێکخستنی سەربازی هێزەکان و چەکدارکردنیان.

ج. دامەزراندنی بنکەیەکی پەروەردەی سەربازی لەیەکێك لە چیاکانی کوردستان، کەهەم بنکەی فێرکردن بێت و هەم پێگەیەك بێت بۆ خەباتی کۆتایی.

٤-هەوڵدان بۆ بەستنی دۆستایەتی و چارەسەرکردنی گیروگرفتە مێژووییەکانی نێوان کوردو ئەرمەن.

٥-دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دەوڵەت و میللەتانی ئێرانیدا.

٦- خۆدوورگرتن لەخستنەڕووی هەرجۆرە مافێکی سیاسی بۆ کورد لەمیزۆپۆتامیاو سوریا، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ عێراق و سوریا(١٢).

شیاوی باسە بەبڕیاری کۆنگرە (جەلادەت بەدرخان) کرایە سەرۆکی خۆیبوون‌و شاری (دیمەشق) کرایە بنکەی چالاکیەکانی‌و پاشان گواسترایەوە بۆ (حەلەب)ودواتر چووە قۆناغی نهێنیەوە دوای ئەوەی فەرەنسیەکان هەوڵیاندا دەستی بەسەردا بگرن(١٣).

### سێیەم - ڕەهەندەکانی کاری خۆیبوون:

خۆیبوون وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی لەگەڵ ئەوەی لەپەیڕەوی ناوخۆدا کوردستانی تورکیای وەك گۆڕەپانی چالاکی‌و جوڵەی خۆی دیاریکردوە، لەهەمان کاتدا هەوڵیداوە چالاکی‌و خەباتی خۆی لەچەند ڕەهەندێکی جۆراوجۆرەوە بۆ دەرخستن‌و دیاریکردنی گرنگترین ئەو ڕەهەندانەی خۆیبوون

---

[12] کاوە بەیات: شۆڕشی ئاگری داغ، و: ئەبوبەکر خۆشناو: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٤-٢٥؛ دکتۆر عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری ی، ل ١٢٤.

[13] محمد صالح الزيباري: خويبون وانتفاضة، ص ١٦٣.

کاری لەسەرکردوە ئاراستەبکات و پراکتیزەی بکات، هەوڵدەدەین لەچەند خاڵێکدا دیاریان بکەین کەبریتین لە:

## ١ - ڕێکخستن و کاری نهێنی:

لەگەڵ ئەوەی خۆیبون وەك ڕێکخراوێکی نهێنی کاریکردووەو لەم پێناوەشدا هەوڵیداوە ئەندامەکانی لەخەباتی نهێنی و نهێنی پارێزیدا گۆشبکات، لەبەرئەوە وەك سەرەتاو مەرجی بوون بەئەندام لەسوێند خواردندا هاتووە "هیچ نهێنیەك ئاشکرانەکەم، ئەگەرهاتوو هەرنهێنیەکم لەبارەی کۆمەڵەوە ئاشکراکردو سەرپێچیم لەشاردنەوەی نهێنی یەکانی کرد، لەسەر هەرسزایەك کەلە ئاکامی ئەو سەرپێچیەدا بەسەرمدا دەدرێت هەڵنەدەمێ و بەو سزادانە قاییل بم"[١٤].

هاوکات شێوازی (ڕێکخستنی هەرەمی)یان بۆ کۆمەڵە دارشتووەو لەمادەی (٦)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووەکە "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە بەسەر کۆمیتەی ناوەندی گشتی و لك و ناوچەو نوێنەرایەتیەکاندا دابەشدەبێت"[١٥].

---

[14] ئالاکۆم: خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، ل ١٢٩.

[15] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

مادەی (٤)ی ئەم پێڕەوەو لەباسی مەرجەکانی بەئەندامبووندا ئاماژە بۆئەوە کراوە تەنیا (کورد) دەتوانێ لەم ڕێکخراوەدا ببێتە ئەندام، لەبەرئەوە ئەو بۆچونەی دەڵێت ئەرمەن لەڕێکخراوی خۆیبوندا هەبووە بەناڕاست دەزانرێ(١٦)، تەنانەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت سەرکردەکانی خۆیبون ڕێگەیان بەبەشداری (پاپازیان) نەداوە لەکۆنگرەی (بحەمدون)دا، چونکە لەم کۆنگرەیەدا خاڵە لاوازو بەهێزەکانی نەتەوەو نەتەوایەتی کوردو پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆی تاووتوێ کراوە(١٧).

تۆکمەیی و هەوڵی بەردەوامی خۆیبون لەپێناو فراوانکردنی بازنەکانی ڕێکخستن و تۆڕی پەیوەندی لەکوردستاندا وایکردووە ئۆرگان و لقەکانی خۆیبون جگەلە باکوری کوردستان، شارەکانی باشوریش ببنە بەشێك لەگۆڕەپانی خەبات و چالاکی نەتەوەیی خۆیبون و لك لەم ناوچەیەدا بکاتەوە، لە سلێمانی لکێکی گەورەی هەبووە، ئەمەش ڕۆڵی هەریەك لە(کەریم شالوم و کامیل حەسەن)ی تێدادەبینرێت، هەردووکیان لەدامەزرێنەران و

---

16 ئالاکۆم: خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، ل ١٦.

17 تەلار عەلی ئەمین: کەماڵی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باکوری کوردستان، نامەی ماستەرە و بلاونەکراوەتەوە، پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١١١.

بەشداربووانی کۆنگرەی (بجەمدون)بوون[١٨]، ئەندامەکانی ئەم لکەش لە (مستەفا سائیبو شێخ سەلامو غەنی شاڵیو عوسمان فایەقو عەلی عیرفانو کەریمی سەعید بەگو سەید ئیبراهیم حەفیدو واحد ئەفەندیو عەلی ئاغاو حاجی ساڵحو عەزمی بەگ بابانو شەوکەت عەزمی بەگو جەلال فەتاحو ئەحمەد عەزیزو شێخ مارف)بوونو سەرۆکی لکیش (مستەفا سائیب) بووەو بەنهێنیو لەژێر چەند نازناوێکی نهێنیدا کاریانکردووە[١٩].

هەولێریش وەك شارێکی تری باشوری کوردستان چالاکی خۆیبونی تێدا ئەنجامدراوەو لکی تێداکراوەتەوەو سەرۆکەکەی (مەمەند ڕەمزی ئەفەندی)بووە[٢٠].

هەروەها خۆیبون هەوڵیداوە لەلوبنان لەلایەن (کامەران بەدرخان)و لەمیسر لەلایەن (محەمەد عەلی عەونی)ەوە چالاکی خۆی بنوێنێت، ئەمانە تەریب بووە بەشارەکانی باکوری کوردستان[٢١].

---

[18] ئاکۆ عبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩١٨ –١٩٣٢)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٨٨–٢٨٩.

[19] کەریم زەند: خەرمان – شارا، چاپخانەی بەدرخان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٩٥؛ کەمال مەزهەر: خێروبێری ڕاپۆرنوسێك، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە(٨٨)و (٩٠)، ١٩٩٦، (ل ١٢و ل ٦).

[20] کەمال مەزهەر: خێروبێری ڕاپۆرنوسێك، ژمارە (٨٨)، ل ١٤.

[21] ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبونو شۆڕشی ئاگری، ل ٤٥–٤٦.

بەم شێوەیە خۆیبون لەڕێگەی ڕێکخستنەکانیەوە هەوڵیداوە چالاکیەکانی خۆی لەئاستێکی فراواندا پەرەپێبداتو لەم ڕێگەیەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینییووە لەهۆشیارکردنەوەی کوردو کۆکردنەوەیان لەدەوری خۆیدا.

## ٢-پروپاگەندەو ڕاگەیاندن:

ڕۆڵی گرنگی پروپاگەندەو ڕاگەیاندن لەسەرکردایەتی خۆیبوندا زۆر بە بەرزو بایەخدار نرخێنراوەو کاری بۆکراوە، لەبەرئەوە لەو پێڕەوەی کۆنگرەی دامەزراندن بڕیاری لەسەرداوە مادەکانی (١٧،١٨،١٩)ی بۆ ئەم لایەنە تەرخانکردووەو هاتووە کە "١٧-پروپاگەندە بەهەموو شێوەیەکو بەهەموو ڕەنگێ سەروبەر دەنرێ. هەرکەسێ لەو ڕۆژەوە دێتە نێو کۆمەڵەوە لەسەری پێویستە هەمیشە لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردو لەدژی زوڵمو زۆری تورک پروپاگەندە بکاتو لەدنیای (...) ڕاگەیەنێ، ١٨-پروپاگەندە بەزاریشو بەنوسینیش دەکرێ. پروپاگەندەی زارەکی: هەرشیعرێك، سترانێك کەدژی زوڵمو زۆرو کوردستان داگیرکردنی تورك هەڵدەبەسترێ لەلایەن مەلاکانەوە... بڵاودەکرێتەوە... پروپاگەندە بەنووسین: لەمەڕ شۆڕشی

خۆیبون و زوڵم و زۆری تورك لەکوردان و سەربوورەی قارەمانانی کورد لە ڕابردوودا و ئەوڕۆ و پڕوپاگەندە بڵاوکردنەوەو، ١٩- ڕێکخراوێکی پڕوپاگەندە بەزمانی کوردی و تورکی و فەرەنسزی دەبن"[٢٢].

لێرەوە خۆیبون هەوڵدەدات بەسود وەرگرتن لەوانەکانی مێژووو ڕابردوو هەڵەکان دووبارە نەکاتەوەو لەڕێگەی دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە کە لەهەموو لکەکانیدا بەشێکی تایبەتی بۆ ئەم لایەنە هەبووە،کارلەسەر مێژووی کورد بکات و بارودۆخەکان بۆ ئەندام و لایەنگران و تاکی کوردی بخاتەڕووو یادەوەریان بژیەنێتەوە،لێرەوە خۆیبون چەند بڵاوکراوەیەك بڵاو دەکاتەوە کەدیارترینیان بریتین لە:

أ-بانگەوازی ئاراستەکراو بۆ کوردەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەژمارەی (٧١) لە (٢٠حوزەیرانی ١٩٢٨)دا.

ب-کتێبی (کێشەی مێژینەو ئێستای کورد)ی (د. بلەج شێرکۆ) بەژمارەی(٥) کە ساڵی (١٩٣٠) لەمیسر چاپکراوە.

---

[22] ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، ل ١٣٠.

ج- بڵاوکراوەی هەشتەمی کۆمەڵەی خۆیبوونی نیشتمانی کوردی بەهەردوو زمانی عەرەبیو تورکیو بەناوی (الكورد إزاء العفو العام التركي سنة ١٩٣٣)[٢٣].

لەم بڵاوکراوانەدا خۆیبون هەوڵیداوە باس لەمێژووو کێشەی کورد بکاتو شۆڕشو بزاوتە چەکداریەکانی بەدەرئەنجامی سیاسەتی پاکتاودانو سەرکۆنەکردنی تورکان بۆ کوردان لەقەڵەمداوەو شۆڕشەکانی کوردی وەك میکانیزمێکی بەرگریکاری ناساندوە، هەروەها هەوڵیداوە لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کێشەی کوردی بەجیهانی دەرەوە بناسێنێت[٢٤].

بایەخدانی خۆیبون بەڕاگەیاندن لەئاستێکدابووە کە لەکاتی شۆڕشی ئاراراتدا ڕۆژنامەیەکی بەناوی (ئاگری)ەوە دەرکردووەو تێیدا ووتاری تایبەتی بەکێشەو پرسی نەتەوەیی کورد بڵاوکردۆتەوە[٢٥].

بەم شێوەیە خۆیبون شان بە شانی ڕێکخستنی نهێنیو خەباتی حزبایەتی هەوڵیداوە لەڕووی کاری ڕاگەیاندنو پڕوپاگەندەوە بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەدەرەوەو

---

[23] عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات، ص ٦٦.

[24] زنار سلوبى: فى سبيل كردستان (مذكرات)، ت: ر.على، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكتاب، بيروت – لبنان، ط١، ١٩٨٧، ص ١٥٥.

[25] المصدر نفسه، ص ١٣٥-١٣٧.

لەپێناو پەخشکردنی پرەنسیپو ئامانجەکانی شۆڕشدا، سەرکردایەتی شۆڕش ڕۆژنامەی (ئاگری) دەرکرد، کە بەناوچەکانی دەرەوەی شۆڕشدا بڵاوکرایەوە بۆ ئەوەی زۆرترین تاکی کورد پەیوەندی بەئەم شۆڕشەوە بکات[٢٧].

پێکهاتە سەربازیەکانی کورد، دوای ئەوەی توانیان هەڵمەتێکی سەربازی حکومەتی تورکی تێکبشکێنن لەساڵی١٩٢٨ زیاتر بەرەو بەهێزی چوون، ئەم جەنگە بەدرێژایی ساڵانی ١٩٢٨و١٩٢٩و١٩٣٠ درێژەی هەبوو، دواجار لەساڵی (١٩٣٠)دا حکومەتی تورکی هەموو هێزەکانی خۆی ڕێکخستەوەو هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەی ئاگری، لەماوەی ١٣ی حوزەیران تا ١٣ی تەموزو بۆ یەك مانگ جەنگ لەوپەڕی گەرمیو توندو تیژیدابوو، لەم کاتەدا (خۆیبون) بانگەوازێکی بەهەموو ناوچەکانی کوردستانو لوبنانو فەرەنسادا بڵاوکردەوەو تەنانەت کۆپیەکی دایە کۆمەڵەی گەلان، کەتێیدا هاتبوو: "ئەی براکوردەکان ئێوە کە شیاو ڕۆڵەی نەتەوەیەکی گەورەن، چۆن ڕێگە بەئەم نەتەوە دێرینە دەدەن وەك کۆیلەیەك لەژێر ستەمی تورکاندا بژی لەکاتێکدا هەموو

---

27 د.عبد الفتاح علی یحیی البوتانی: وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات اولية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ط١، ٢٠٠١، ص٦٨٣.

نەتەوەکان سەربەخۆییان بەدەستهێناوە؟ هەرێمێکی فراوان چاوەڕێمان دەکات لەنێوان ئێرانو عێراقدا، با هەموومان لەخەباتی چەکداریدا یەکبگرین لەپێناو ئازادکردنو ڕزگارکردنی براکانمان لەژێر چەپۆکی تورکانداو ئەو زەویانە ئازاد بکەین کە چەندین سەدەیە ئێمە خاوەنین"[٢٨].

لێرەوە کوردە دورخراوەکان هەوڵیاندا لەژێر چاودێریو دەستبەسەری تورك هەڵبێنو پەیوەندی بکەن بەشۆڕشەوە[٢٩]، هەروەها نزیکەی (٢٠٠)کەس لەکوردانی سوریا بەسەرۆکایەتی (حاجۆ) سنوریان بەزاندو گوندی (خەبات) یان ئازادکردو هەوڵیاندا لێرەوە بەرەیەك بکەنەوەو فشاری هێزەکانی تورك لە ئاگری کەمبکەنەوە، هەروەها لە باشوری کوردستانەوە کوڕی حسێن کۆڕ توانی نزیکەی (٥٠٠)سوار لە پیاوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ یارمەتی شۆڕشی ئارارات کۆبکاتەوەو لەسنورەوە پەلاماری (ئۆرامار) بدات[٣٠].

لەسنوری (ئێران– تورکیا)وە بەهەمان شێوە سەدان جەنگاوەری کورد لە ئێرانەوە پەیوەندییان بەبەرەکانی جەنگەوە کرد، لە هەمانکاتدا (قەدریو ئەکرەمو محەمەد) کوڕانی (جەمیل

---

[28] المصدر نفسه، ص ٦٨٤–٦٨٥.

[29] زنار سلوبی: فی سبیل کردستان، ص ١٤٣–١٤٤.

[30] کاوە بەیات: شۆڕشی ئاگری داغ، ل ٣٢.

پاشا)ی دیاربەکری لەگەڵ (٢٠) چەکداری تردا لەسنوری (تورکیا- سوریا)وە بۆ تورکیا پەڕینەوەو چوونە ناوچەی (کێرس)[٣١].

هەوڵو ڕێوشوێنەکانی خۆیبونو پاڵپشتی کورد بۆ ئەم شۆڕشە کەلە هەستکردن بەچارەنوسێکی هاوبەشەوە سەرچاوەی گرتبوو، دەرئەنجامێکی ئیجابی لێنەکەوتووە، چونکە جگەلەوەی تورکیا هەموو هێزو توانای خۆی بۆلێدانی ئەم بزوتنەوەیە خستەگەڕ، لەبەرامبەردا پەیوەندی بەحکومەتی ئێرانو فەرەنسیەکانەوە کردو بەهاوکاری هەردوولا بۆ تورکیا توانرا ئەم شۆڕشە سەرنگون بکرێت[٣٢].

ئەم شۆڕشە سەرەڕای ئەوەی پاڵپشتیەکی بەرفراوانی کوردەکانی باشوورو ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوای بەدەستهێنا جگە لە کوردی باکور، هاوکات هەڵکردنی ئالآی کوردیو جیاکردنەوەی هەردوو دەزگای کارگێڕی مەدەنیو سەربازی لەیەکدیو دەرکردنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی تایبەتی بۆ هۆشیارکردنەوەی

---

31 د.عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: وثائق عن الحركة القومية، ص ٦٨٤-٦٨٥.

32 کاوە بەیات: شۆڕشی ئاگری داغ، ل ٣٢-٣٤.

کورد لەناوچەکانی کوردستاندا ئەو سیما پەرەسەندوانەن لەم شۆڕشەدا بەدیدەکرێت[٣٣].

### ٤- خەباتی سیاسیو دیپلۆماسی:

خەباتی سیاسیو دیپلۆماسی لە گۆڕەپانی تێکۆشانو کاری خۆییبوندا ڕەهەندێکی گرنگو تایبەتی وەرگرتوە، ئەم خەباتەش بەهەردوو ئاستی هەرێمیو نێودەوڵەتی لەئاراستەدابووەو لەمادەی (٣٣)ی پێڕەوی نێوخۆدا بەم جۆرە گوزارشت لەم لایەنە کراوە: "ئیدی نەتەوەی کورد، لەپێناوی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا بەرژەوەندی میللەتو دەوڵەتەکانی دیکەش بەتەواوەتی لەپێش چاو دەگریو(...) دەگەڵ وانداو لەگەڵ ئەو نەتەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندی بەرامبەردا لەپێش چاو دەگرن، هاوبەشی هەوڵو کۆششی خۆی بەرێوەدەبا"[٣٤].

---

33 لوسيان رامبو: الكرد والحق، ص٥٠؛ د.عبد الفتاح علي يحيى البوتاني: وثائق عن الحركة القومية، ص٦٨٥-٦٨٦.

34 ڕۆهات ئالاکۆم: خۆییبونو شۆڕشی ئاگری، ل١٣٢.

لەم سۆنگەیەوەیە کۆنگرەی دامەزراندن لەبڕیارەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەریەك لە ئێران و عێراق و سوریادا دابمەزرێنرێت و لەهەموو جۆرە داواکاریەك بۆ مافی کورد لەو دەوڵەتانەداو لەپێناو پاراستنی پەیوەندی دۆستانەدا خۆی دوور دەگرێت[٣٥].

هەر لەسەر ئاستی هەرێمی (خۆیبون) هەوڵیدا یەك لەخوێناویترین و گرنگترین کێشەی نەتەوەیی چارەسەربکات، ئەویش کێشەی نێوان کوردو ئەرمەن بوو، دوای کۆبوونەوەی لیژنەی سەرکردایەتی خۆیبون لەگەڵ (پاپازیان)ی ئەندامی پارتی تاشناقی ئەرمەنی و واژۆکردنی ڕێکەوتنێك بڕیاریاندا هەردوو نەتەوە هەست و خوستی زۆر ڕوختەو بەهێزی برایانەی هاوبەرامبەری هەردوولا ڕەچاو بکەن، هەردوولا بەڵێنیاندا کەهاوکاری تەواوی یەکدی بکەن و دان بەمافی سەربەخۆیی و یەکگرتن بۆ هەردوو نەتەوە دەنێن، ئەم ڕێکەوتنە کەبەزمانی فەرەنسی نوسراوەو (١٩) مادەی لەخۆگرتووە بەشێوەیەکی گشتی هەردوولا کۆکن لەسەر ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی تورك و ڕێزگرتن لەخاك و مافی یەکتری و هاوکاری مادی و مەعنەوی بۆیەکتر لەکاتی خەباتی ڕزگاریخوازیاندا[٣٦].

---

35 کاوە بەیات: شۆڕشی ئاگری داغ، ل٢٤-٢٥.

36 ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، ل١٣٣-١٣٦.

لێرەوە کورد توانی جارێکی تر دۆستایەتیو هاوکاری نەتەوەی ئەرمەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو نەتەوە بەدەستبهێنێتەوەو ئەرمەنەکان لەناوەندێتی نێوان خۆیبونو وڵاتاندا ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو، سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەگەری ئەرمەنی لەهەنگاوێکی گەورەیدا لەئەمەریکاو وڵاتانی ئەورووپیدا ئەو مەترسیو هەڕەشانەی خستەڕوو کە لەتورکیادا ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد دەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مادیەوە پاڵپشتیەکی زۆری شۆڕشی (ئاگری)یان کرد[٣٧].

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کۆمەڵەی خۆیبون بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەوڵیداوە، لەم پێناوەدا (سورەییا بەدرخان)ی بەنوێنەرایەتی نارده ئەمەریکا، لەمیانەی تێپەڕبوونی بەئەوروپادا لەلایەن (مۆسۆلۆنی)ەوە بانگێشتکرا بۆ ئیتالیاو ماوەی (١٥) ڕۆژ مایەوەو ئیتالیا ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کورد پیشانداو سورەییاش داوای چەكو پسپۆڕی مەشقی سەربازی لەئیتالیا کرد بۆ مەشقکردن بەجەنگاوەرو پێشمەرگەی کورد[٣٨].

---

37 زنار سلوبی: فی سبیل کردستان، ص١٤١-١٤٢.

38 محمد صالح الزیباری: خوییبون وانتفاضة، ص١٦٤.

هەروەها سورەییا لەلایەن وەزیری دەرەوەی یۆنانەوە بانگهێشتکرا بۆ یۆنان، سەردانی سورەیا بۆ ئەمەریکاو بەهاوڕیەتی (گریگۆر واردتنیان)ی ئەرمەنی لەپێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی یەکێك لەزلهێزەکانی جیهان بوو بۆ کێشەی کورد، هەر لەمیانەی ئەم سەردانەیدا یارمەتی لەکوردەکانی ئەمەریکاو ئەو ئەرمەنانەی هاوسۆزی کێشەی کورد بوون کۆکردەوە کە ساڵانە (٥٠-٦٠) هەزار دۆلاریان بەخۆیبون دەبەخشی[٣٩].

لەلایەکی ترەوە خۆیبون لەئاراراتدا هەوڵیداوە پەیوەندی بەسۆڤیەتەوە بکات، ئەمەش لەو نامەیەوە ڕووندەبێتەوە کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٨دا بۆ (کۆنسوڵگەی سۆڤێت لەشاری ماکۆ)ی ناردووەو تیایدا نوسراوە: "لەمەوبەر حکومەتی کوردی ئارارات نامەیەکی بۆ ناردبوون، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو، شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسەتی ئەمڕۆ ئێمەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کەگەلی کورد بەبێ یارمەتیو پشتیوانی ڕوسیای سۆڤێت ڕزگار نابێو مافو سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی وەدەست ناهێنێ. ئێمە کە ئامانجی ناوبراو مەبەستمانە دەمانەوێ مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیمان لە ئەنتەرناسیونالی سێیەمدا باس بکرێو چالاکی خۆمان لەگەڵ

---

[39] محمد صالح الزيباري: خويبون وانتفاضة، ص١٦٤.

سیاسەتی یەکێتی سۆڤێت لەڕۆژهەڵاتدا هاوجوت کەین، هەلومەرجی ئەمڕۆ بۆ ئەم مەبەستە زۆر لەبارە. هەرکات بەڕێزەکی ئەم داخوازییەی ئێمەتان پەسند کرد، حکومەتی کوردی ئارارات ئامادەیە نوێنەرانی خۆی بۆ جێگای دیاریکراو بۆ لێدوان سەبارەت بەمەسەلەی ناوبراو بنێری"[40].

هەرچەندە خەباتی سیاسیو دیپلۆماسی خۆیبوون دەرەنجامێکی کرداریو واقیعی بەرجەستە نەکرد، چونکە زۆرینەی دەوڵەتانی هەرێمیو زلهێزانی نێودەوڵەتی تەنها تامسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پشتگیری کێشەی کوردیان کردووەو لەگەڵ بەدەستهێنانی دەسکەوتەکانیان ئاوڕیان لەکورد نەداوەتەوە.

سەبارەت بەدواساڵانی تەمەنی خۆیبوون بیروڕای جۆراوجۆر بەدی دەکەین،(جگەر خوێن) دەڵێت: "لەساڵی ١٩٤٦دا نێوی خۆی گۆڕیووەو کردویەتی بە -جڤاتا ئازادیو یەکبوونا کوردستان"[41].

هەندێکی تر دەڵێن (خۆیبون) دوای ئەوەی (پارتی دیموکراتی کوردستان لەئێرانو عێراق دامەزران، ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ (پارتی دیموکراتی سوریا)، ئەمەش لەو نوسراوانە

---

[40] دکتۆر عەزیز شەمزینی : جوڵانەوەی ڕزگاری ی، ل ١٢٦.

[41] ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبونو شۆرشی ئاگری، ل٩٦.

دەبینرێت کە (قەدری جەمیل پاشا) داویەتە دەستی قازی محەمەد لەمهاباد کەواژوی (پارتی دیموکراتی سوریا)ی پێوەیە، هاوکات جگەر خوێنیش لە ئاماژەکەیدا باس لەوە دەکات کەخۆیبوون وەك لکێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراقی لێهات[٤٢].

بەم شێوەیە کۆتایی تەمەنی کۆمەڵەی خۆیبوون بەجۆرێك لەجۆرەکان لەساڵی١٩٤٦دا تەواو دەبێ و تاڕادەیەکیش بەچارەنوسی هەردوو (پارتی هیوا کۆمەڵەی ژ.ك)ەوە بەندە لەباشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

---

[42] هەمان سەرچاوە، ل ٩٦-٩٧.

## بەشی دووەم

# پارتی هیوا

## (دامەزراندن- ئایدۆلۆژیاو ستراتیجی نەتەوەیی)

## یەکەم - دامەزراندنی پارتی هیوا :

خەباتی ناسیۆنالیستانەو ڕزگاریخوازانەی کورد لەباشوری کوردستانو لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوەو بەدرێژایی سەدەی بیستەم بنەماو ئاڕاستەی جۆراوجۆری لەڕووی چۆنیەتیو چیەتیەوە وەرگرتووە، ئەگەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو ڕاپەڕینی بەردەرکی سەراو شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی لەماوەی نێوان هەردوو جەنگدا نمونەی سیمای خەباتی چەکداری بێت، ئەوادەرکردنی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری جۆراو جۆر لەشارەکانی سلێمانیو هەولێرو ناوچەکانی باشوری کوردستان گوزارشت لەخەباتی ڕۆشنبیریو هەوڵی گۆڕانکاری دەکەن لەبونیادی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەی کەسێتی تاکی کورد لەم ناوچەیەدا، تەریب بەم دوولایەنە خەباتو هەوڵی پارتایەتیو پێکهێنانو دروسکردنی چەندین پارتو ڕێکخراوی نهێنیو ئاشکرا بەپێی قۆناغو شوێنەکان، لایەنێکی پرشنگداری تری ئاڕاستەی خەباتی ناسیۆنالیستی کوردیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە(پارتی هیوا) یەك لەو پارتانەیە کەبەری ڕەنجی ماندووبوونو هەوڵی نەتەوەخوازانی کوردە لەم بوارەدا.

پارتی هیوا وەك پارتێکی چالاكو نەتەوەیی لەساڵی١٩٣٧و لەلایەن دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (دارکەر)ەوە دامەزرێنراوە، هاوکات لەهەندێك سەرچاوەدا(هیوا) بەدرێژبووەوەی (دارکەر) دادەنرێتو سەرەتای هەردووکیان بۆ ساڵی(١٩٣٧) دەبرێتەوە[٤٣]، لەلایەکی ترەوە جیاوازی هەیە سەبارەت بەشوێنی دامەزراندنی (دارکەر یان هیوا)، هەندێك پێیان وایە کە ئەم پارتە لە سلێمانی دروستبووەو ئەم بۆچوونەش بۆ چەند هۆکارێك دەگێڕنەوەو دیارترینیان بریتیین لە:

١- بەر بڵاویو چالاکی پارتی هیوا لە سلێمانیدا.

٢- دامەزراندنی ڕەفیق حیلمی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانیدا.

٣- ڕەفیق حیلمی خۆی کەسایەتیەکی خەڵکی سلێمانی بووو ڕۆڵکی دیاری هەبوو لەبڵاوکردنەوەی گۆڤاری هیوا کەزوربەی بەدەستی خۆی نوسرابووەوە.

٤- لەلایەکی ترەوەو لەپێش دامەزراندنی پارتی هیوادا مەلا مستەفاو جەلالی ئەمین بەگو ڕەفیق حیلمی دەمێك بوو لەبیری دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی پێشکەوتوخوازدا بوون.

---

43 فەیسەڵ دەباغ: حزبی(هیوا)و شۆڕشی ((١٩٤٣-١٩٤٥))ی بارزان، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، هەولێر، چ١، ١٩٩٧، ل ٩-١١.

٥- جگەلەوەی گۆڤاری گەلاوێژ کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی سلێمانی بەڕێوە دەچوو وایکردبوو کە بارودۆخ لەباربێت بۆ دامەزراندن‌و بەردەوام بەمنی پارتی هیوا،تاوای لێهات هەر لەسەرکردایەتی باڵای پارتەکەوە تا ئەندامانی‌ئەبن بە نوسەرو خوێنەری گۆڤارەکە[٤٤].

لەبەرامبەردا بۆچونێکی تر هەیە کەجەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە (پارتی هیوا) بەناوی کۆمەڵەی (دارکەر)ەوە لەساڵی (١٩٣٧)داو لەشاری کەرکوك دامەزراوە، (دارکەر)یش لەناوی ڕێکخراوێکی ئیتاڵیەوە هاتووە کە بانگەشەی یەکێتی ئیتاڵیای دەکرد، پاشان ئەم کۆمەڵەیە زیاتر فراوانکراو ناوەکەی گۆڕا بۆ(هیوا)، ئەمەش بۆناوی کۆمەڵەی هێڤی کورد دەگەڕێتەوە لەباکوری کوردستان لەساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی[٤٥]، لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەرئەوە دەکرێتەوە لەساڵی١٩٣٧دا ڕێکخراوێك لەلایەن خوێندکارانی هەولێرەوە بەناوی (دارکەران) دامەزراوە، لەدیارترین دامەزرێنەرانی (مستەفا عوێری‌و موسا عەبدولسەمەدو خەلیل حەمەدو جەلال قادرو فەتاح جەبارو

---

[44] هێرش عبدوڵڵا حەمە کریم: سلێمانی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بەشی دووەم، گۆڤاری (هەزار مێرد)، ژمارە(١٨)، ساڵی پێنجەم، کانونی یەکەم، ٢٠٠١، سلێمانی، ل ٧٨.

[45] د.عبد الستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات، ص ٩٤.

نورەدین بەهادینو یونس ڕەئوفو...هتد) بوون، هەموویان لەخوێندکاری ناوەندیو ئامادەیی بوونو دوای ماوەیەکی کەم (ڕەفیق حیلمی) بەم ڕێکخستنە دەزانێتو پەیوەندییان پێوەدەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەندێك لەو خوێندکارانە لەکۆلێژەکانی بەغدا وەرگیران[٤٦].

هەرچۆن بێت کۆمەڵەی (دارکەر) سەرەتا لەلایەن (یونس ڕەئوف)ی شاعیر کە بە(دڵدار) ناسراوە سەرۆکی بوو، تائەو کاتەی (ڕەفیق حیلمی) دەبێتە سەرۆکی باڵای پارتی هیوا[٤٧]، پارتی هیوا لەماوەیەکی کەمدا توانی لەسەرتاسەری کوردستاندا چالاکی بنوێنێو لەژێر ئالاکەیدا ژمارەیەکی زۆری کەسانی دیموکراتو پێشکەوتنخوازی کۆکردەوە، لەقۆناغی دامەزراندندا ژمارەی ئەندامانی پارتی هیوا لەهەزارو پێنج سەد ئەندام زیاتر بووو دیارترینیان بریتی بوون لە(مستەفا عوزێریو یونس ڕەئوفو جەلال قادرو موسا سەمەدو ئیحسان حاجی بەکر ئەحمەد باخچەیی[٤٨]و ڕەشید عەبدولقادرو حسێن حوزنی

---

[46] فيصل الدباغ: اضواء على كتاب (الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية فى قرن( ١٩٠٨-١٩٥٨)، مطبعة الثقافة، اربيل، ط ١، ١٩٩٧، ص ٦٩-٧٠.

[47] اسماعيل شكر رسول: اربيل – دراسات تاريخية فى دورها الفكرى والسياسى (١٩٣٩-١٩٥٨) اطروحة دكتوراة غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٩، ص ١١١-١١٢.

[48] فەیسەڵ دەباغ: حزبی(هیوا)، ل ١١.

موکریانیو گیو موکریانیو بەکر ئیسماعیلو عوسمان قوجە قەساب و شێخ محەمەد محەمەدو ئەنوەر عەبدوڵاو عزەدین فەیزیو هادی ڕەشید چاوەشلیو مەلا شەریف ئیبراهیمو ئیحسان شێرزادو خەلیل حەمەد خۆشناوو عەلی مەکتەبەو مەعروف جیاووکو خەیروڵڵا عەبدولکەریمو ئەمین ڕواندزیو[49] محەمەد ئەمین زەکیو تۆفیق وەهبیو جەمال بابانو ماجید مستەفاو جەلالی ئەمین بەگو نوری شاوەیسو نوری مەلا حەکیمو ساڵح قەفتانو فوئاد عارفو[50]...هتد)بوون، زۆربەیان لەئەفسەرو سەربازو مافناسو خوێندکارو پزیشکو مامۆستاو سەرۆک عەشایەرو لیبراڵیەکان کە خاوەنی هەستی نەتەوەیی بوون پێکهاتبوون[51].

---

49 اسماعيل شكر رسول: اربيل، ص١١٤-١١٥.

50 هێرش عبدوڵڵا حەمە كريم: سلێمانی لە جەنگی، ل ٧٨-٨٠.

51 عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ئینتشاراتی محەمەدی، سەقز، چ ٢، ١٩٩٦، ل ١١٥؛ د.عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری ی، ل١٩٠؛ اسماعيل شكر رسول: اربيل، ص١١٣.

### دووەم - پارتی هیوا لەڕووی ئایدۆلۆژی و بەرنامەوە:

دوای ئەوەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر پەیوەندی بە(ڕەفیق حیلمی)ەوە دەکەن و لەشارۆچکەی شەقڵاوەو لە بێستانی (جەمیل میران) کۆدەبنەوەو ئاهەنگ دەگێڕن، هەمووﻻ کۆکدەبن لەسەر گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی دارکەر بۆ(پارتی هیوا)، بەپێی دەستورێك ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر خەنجەرێك کەنیشانەی خەبات و ئازایەتی کوردە لەگەڵ قورئانێك بۆ سوێند خواردن بە ڕەفیق حیلمی دەدەن[٥٢].

ئەندامبوون لەناو حزبدا بەو مەرجە بوو کە دەبوایە ئەندام سەرەتا سوێندی حزبی بەقورئان بخوات و لەو سوێند خواردنەدا دووکەس لەئەندامە کۆنەکانی حزب ئامادەبن، ئەو کەسە سوێندی دەخوارد ملکەچی هەموو فەرمانەکانی سەرکردایەتی و حزب بێت و نهێنیەکان بپارێزێ و خیانەت بەگەلی کورد نەکا و خۆی لەپێناو ئامانجەکانی کۆمەڵەدا بەختدەکات[٥٣].

---

[52] نەجاتی عەبدوڵا: حزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥ دووڕەوت، یەك کۆتایی، گۆڤاری (ڕابوون)، ژمارە(٢٦)، ساڵی ١٩٩٩، ل ٦٠.

[53] هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

لە رووی پرۆگرامو پەیڕەوی حزبیەوە، هیوا هیچ پەیڕەوپرۆگرامێکی چاپکراوو نوسراوی نەبوو، بەڵام هەڵگری بەرنامەی هەمان ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە بوو کە هیوای لێپێکهاتبوو، چونکە هیوا لەشێوەی دامەزراندنیدا لەگەڵ (خۆیبوون)دا هاوشێوە بوون(٥٤)، بەتایبەتی دوای نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٤١) هەرسێ گروپی کوردستانی (کۆمەڵەی ئازادی کوردو کۆمەڵەی برایەتیو حزبی هیوا) خۆیان لەبۆتەی هیوادا ڕێکدەخەنەوە(٥٥).

دروشمو ئاڵای حزب بریتی بوو لە شاخێك کە بەڕەنگی سەوزو هەتاوێکی هەڵاتوو لەناو ئاسمانێکی شینداو لەژێر دروشمەکەدا نوسرابوو (کۆمەڵەی هیوا، بژی کوردو کوردستان)(٥٦)، چالاکی ڕێکخستنو ئۆرگانەکانی هیوا لەگەڵ ئەوەی نهێنی بوو، بەڵام سنورێکی فراوانی گرتەوەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتو خۆرئاواو باکوری کوردستانی گرتەوەو ئەندامو لایەنگری بۆ خۆی پێکهێنابوو(٥٧).

---

54 د.عبد الستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات، ص٩٤.

55 نەجاتی عەبدوڵڵا: حزبی هیوا، ل٦٠-٦١.

56 هەمان سەرچاوە، ل٦١.

57 د.عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری، ل١٩٠.

پارتی هیوا بەتایبەتی لەباشوری کوردستاندا چەند لقێکی هەبوو، لقی هەولێری وەك چالاكترین ئۆرگانی حزبی هیوا ناسرابوو لەبواری چالاكی حزبیو بڵاوكردنەوەی ئایدیاو رێكخستنەكانی حزبدا، رۆژنامەو گۆڤاری تایبەتی بڵاوكردۆتەوە[٥٨].

ئەم پارتە لە سلێمانیدا لقی هەبووەو (جەلالی ئەمین بەگ) سەرۆكی لق بووەو ئەندامەكانی (ساڵح قەفتانو نوری مەلا حەكیم نوری شاوەیس) دیارترین ئەندامەكانی بوون، سەرەڕای ئەوەی ئەم لقە یەكێك لە لقە چالاكەكانی حزب پێكدەهێنێت، سیمایەكی پێشكەوتری لەخۆگرتووە لەوەدا ژنان بەچالاكی لەسنوری ئەم لقەداو لەریزەكانی پارتی هیوادا خەباتیان كردووە، دیارترینیان (ناهیدەی شێخ سەلامو لوتفیەی مەلا سدیقو حەلاوە خانی كچی شێخ مەحمودو زەكیە بابانو...هتد)بوون، ئەندامانی هیوا لەسلێمانیدا بە(هیوایی) ناوبراونو نیشانەی یەكترناسینەوەی نێوان ئەندامەكان (دەستە سرێكی سپی) بووە كە لە هەر شوێنێكدا دانیشتوون هێناویانە بەڕوخساری خۆیاندا[٥٩].

---

[58] اسماعیل شكر رسول: اربیل، ص١١٦.

[59] هێرش عبدوڵڵا حەمە كریم: سلێمانی لە جەنگی، ل٧٨-٧٩.

هەروەها جگە لەوەی لە کەرکوك لقی ئەم پارتە هەبووەو کفریشی گرتۆتەوەو شان بەشانی ئەندامانی لقی سلێمانیو هەولێر بەشداری کۆبوونەوەی پارتی هیوایان کردووە[٦٠]، هەروەها لەبەغدا ئەندامانی ئەم پارتە هەبووەو تەنانەت وا باسدەکرێت (مەرکەزی حزب لەبەغدا بووە، پەلی بۆ هەموو ولاتەکانی کوردەواری هاویشتبوو)[٦١].

لەساڵی(١٩٤٠)یشدا لەبادینان لقی ئەم پارتە دادەمەزرێتو چەند کەسێکی وەك (فەخرەدین سابیرو جەلیل هۆشیارو سەید عزەدینو فەیسەڵ ئەحمەد(عوسمان)و ساڵح یوسفیو عەلی حەمدیو شاهین سۆفیو فەریق عەقراویو جەمیل ڕەشید ئامێدیو سادق بەهادینو شێخ جەلال بریفکانیو سدیق ئەتروشی- کە هەموویان خەڵکی بادینان بوون) بوونە ئەندامی هیوا[٦٢].

سەبارەت بەئایدۆلۆژیای هیواو پێکهاتەکەی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت بەر لەوەی حزب بێت گردبوونەوەیەکی نەتەوەیی بووە، ئەوەش هەموویانی کۆکردبووەوە تەنیا هەستی نیشتمانپەروەریو سوێی زامی لکاندنی خوارووی کوردستان

---

[60] نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل٦٣.

[61] عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ل ١١٥.

[62] فەیسەڵ دەباغ: حزبی (هیوا)، ل١٦.

بوو بە عێراقی عەرەبییەوە، حزبی ناسیۆنالی لیبراڵ، ئامانجی یەکێتی خاکی کوردستانو خەبات بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هیچ خەوشێکیان لەوەدا نەبینی بۆ ڕزگاربوون لەژێردەستەیی عەرەبو فارسو تورك، بۆ دامەزراندنی ستاوتێك بۆ کورد هاریکاری یەکێك لەدەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بکەن، جا ئەمە لەسەر دەستی کێ دەبێو سستمی حکومڕانییەکەو ئابوورییەکە چۆن دەبێ ؟؟ ئەمەیان ئاشکرا نەبوو[٦٣].

حزب خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەییو دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیو خەبات دژی فاشیزم، لەو شێوە خەباتەشدا هەموو لایەنە کوردییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانی لەخۆیدا گردکربووەوە، لەوپەڕی ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپو تارادەیەکی زۆر حزبێکی لیبراڵ بوو[٦٤].

## سێیەم- چالاکیو ستراتیجی نەتەوەیی هیوا :

جگەلەوەی هیوا لەباشوری کوردستانداو لەئاستێکی فراواندا خەباتی کوردایەتی دەکردو لەڕووی کاری حزبیو شانەکانی ڕێکخستنەوە تاکی کوردی لەئاست نەتەوەکەیدا هۆشیار

---

[63] نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل٦٠-٦١.

[64] هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

دەکردەوە، بەجۆرێك هیوا لەماوەی سەرەتای چلەکاندا گەورەترین و بەهێزترین پارت و حزبی کوردی بووە[٦٥]، ئەوەش ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت پەیوەندیی و چالاکیەکانی هیوا بووە لەبواری سیاسی و نەتەوەیی و دیپلۆماسیدا، کە لەچەند تەوەرێکدا هەوڵدەدەین ئاماژەی بۆ بکەین:

## ١- هیوا و ژ.ك:

هیوا وەك پارتێکی نەتەوەیی کوردی دەیویست دیوارو سنورە دەستکردەکان ببڕێت و خەونی گەورەی بەکوردستانێکی ئازادو یەکگرتووەوە دەبینی، لەبەرئەوە هەوڵیدا لەگەڵ هەموو پارچەکانی کوردستان پەیوەندی ببەستێت، ئەوەبوو دوای ڕزگاربوونی ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران لەساڵی ١٩٤٢دا حزبی هیوا دوو ئەندامی خۆی (مستەفا خۆشناوو میرحاج ئەحمەد)ی وەك نوێنەر ناردە ئێران[٦٦]، وەك سەرچاوەکان باسدەکەن ئەم دوو ئەندامە بۆ پەیوەندیکردن بەجولانەوەی کوردستانی ئێران و سەرکردە کوردەکانەوە نێردراون، هاوکات

---

65 عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ل ١١٥.

66 د.عبد الستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات، ص١٠٠.

باس لەوەیە بۆ کردنەوەی لقێکی پارتی هیوا چوون لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا(٦٧).

دەرئەنجام لە(١٦)ی سێپتەمبەری (١٩٤٢)دا کۆمەڵەیەك بەناوی (ژێ کاف) کە کورت کراوەی (ژیانەوەی کورد یان کوردستانە) دادەنرێت، شیاوی باسە چۆن کۆمەڵەی (دارکەران)ی ناوکی سەرەتایی حزبی هیوا هەمان ناوی کۆمەڵەی (karbonary) نهێنی ئیتاڵی بوو کە بۆ ڕزگاری خاکی ئیتاڵیا خەباتی دەکرد، بەهەمان شێوە ناوی کۆمەڵەی (ژێکاف)، هەمان ناوی ئەو بزوتنەوەیە ئیتاڵیە بوو (risorgimento) کە کۆمەڵەی (دارکەران)ی ئاراستەدەکرد(٦٨).

دواتر نوێنەرانی ژێکاف بە سەرۆکایەتی (محەمەد ئەمین شەرەفی) لە ئازاری ١٩٤٤دا سەردانی شاری کەرکوکی کردو لەگەڵ ئەندامانی پارتی هیوا کە لە(ئەمین ڕەواندوزیو عیزەت عەبدولعەزیزو مستەفا خۆشناوو شێخ قادری حەفیدو سەید عەزیز شەمزینیو ڕەفیق حیلمی) پێکهاتبوون کۆبووەوەو باس لەهاوکاریو تەبایی نێوان هەردوولا کرا(٦٩).

---

67 د.عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری، ل ١٩٠.

68 نەجاتی عەبدوللا: حزبی هیوا، ل٦٣.

69 د.عبد الستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات، ص ١٠١.

هەرهەمان ساڵ (ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانش) بەنوێنەری هیواو بۆ سەردانی کۆمەڵەی ژێکاف چونە مهاباد، هەروەها هەر یەك لە(حەمزە عەبدوڵڵاو محەمەد تۆفیق وەردی) بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەردوولا سەردانی شاری (مهاباد)یان کرد[٧٠].

پەیوەندی هیواو ژێکاف لە ئاستێکدابوو بەرنامەو پرۆگرامی ژێکاف لەگەڵ هیوادا جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمە وایکردووە هەندێکجار ژێکاف بەلقێکی هیوا لەقەڵەمبدرێت، گۆڤاری (نیشتمان)ی ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێکاف هەموو ژمارەیەك لەسەرەوەی بەرگی گۆڤارەکەوە دەینوسی (بژی سەرۆك و کوردو کوردستان و هیوا)، زیاتر لەوە ژێکاف دوو ڕۆژ ژمێری ساڵانەی بەناوی خۆی و (هیوا)وە بڵاوکردۆتەوەو لە یەکەمیاندا نوسراوە (بژی سەرۆك و کوردو کوردستان و هیوا)و لەدووەمیان نوسراوە (ڕۆژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ وەرزی ١٣٢٣ی ڕۆژی ١٣٦٣-١٣٦٤ی کۆچی و ١٩٤٤-١٩٤٥ی میلادی، ئەم ساڵی تازەیە لەهەموو ئەندامەکانی ژێکاف و هیواو هەموو کوردێك لەپێناو سەربەستی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ پیرۆزبێت[٧١].

---

70 المصدر نفسه والصفحة.

71 نەجاتی عەبدوڵڵا: حزبی هیوا، ل٦٣.

سەبارەت بەکوردستانی تورکیاو کۆمەڵەی (خۆییبون)، هیوا هەوڵیداوە(عیززەت عەبدولعەزیز) بۆ پەیوەندی بەستن بنێرێتو مەسەلە نەتەوایەتیەکان چارەسەر بکەن، لەئەنجامدا ڕێکەوتن لەسەرئەوەی نوێنەری هەردوولا لە(٤ی ئەپریل١٩٤٤)دا کۆببنەوە، بەڵام دروستبوونی ناکۆکیو ململانێی ناوخۆیی لەهیواداو لاوازبوونو هەڵوەشانی، ئەو لەمپەرانە بوون بوونە شکستی ئەم هەوڵە[٧٢].

## ٢- هیواو شۆڕشی مایسی١٩٤١:

سەبارەت بەشۆڕشی مایسی١٩٤١ لەعیراقداو ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لەم کاتەدا، هیوا هەڵوێستی خۆی بەڕوونی نیشانداوە، ئەمەش دوای ئەوەی (مستەفا عوزێری) لەهەولێرەوە دێتو بەهاوڕێیەتی هەریەك لەڕەفیق حیلمیو نوری شاوەیس لەسیتەك سەردانی شێخ مەحمود دەکەن، دەرئەنجام کۆبونەوەیەك لەنێوان نوێنەری باڵای پارتی هیواو شێخ مەحمودا بەئامادەبونی سەرەك عەشیرەتەکانی قەرەداغو گەرمیانو پشدەر بەسترا، لەمیانەی ئەم کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی پارتی هیوا داوایان لە شێخ مەحمود کرد واز لەبزوتنەوەی چەکداری بهێنێت، چونکە پێیانوابوو ئەم

---

72 هەمان سەرچاوەولاپەڕە؛ فیصل الدباغ: اضواء علی، ص ٧٣.

شۆڕشه بەردەوامی نابێت، ئەمه سەرەڕای ئەوەی هەر بزاوتێکی چەکداری کوردی لەم ماوەیەدا بەپشگیری نازیەکان لە قەڵەمدەدرێت و کورد بەدژی دیموکراسی دەناسرێن، بۆیە داوایان لەشێخ کرد کێشەکە بەئاشتی چارەسەربکات و داواکانی لەسنوری یاساییدا پێشکەشی حکومەت بکەن، ئەوە بوو شێخ لەسەر پێشنیاری پارتی هیوا ڕەزامەندی دەربڕی(٧٣).

هەر لەڕۆژانی شۆڕشی مایسدا لەلایەن ناهیدەی شێخ سەلام و کچانی ئەندام لەپارتی هیوادا بەیاننامە بڵاودەکرایەوە کەتوانجی لەموتەسەریف (مستەفا قەرەداغی) دەگرت و توانجی (تۆ کورد نیت و کورتیت) ناونیشانی بڵاوکراوەکانیان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگوباسی کۆبوونەوەکانی پارتی هیواو شێخ گەیشتبووە بەردەستی موتەسەریف، بۆیە لەسەر ئەو کارو چالاکیانە نوری شاوەیس و شێخ لەتیفی دانساز دەستگیرکران(٧٤).

## ٣- پارتی هیواو شۆڕشی بارزان١٩٤٣- ١٩٤٥:

مەلا مستەفای بارزانی وەك خەباتکارو تێکۆشەرێکی لاوی کورد لەشۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانیدا لە ١٩٣٢-١٩٣٣

---

73 هێرش عبدوڵڵا حەمە کریم: سلێمانی لە جەنگی، ل٧٩.

74 هێرش عبدوڵڵا حەمە کریم: سلێمانی لە جەنگی، ل ٧٩-٨٠.

بەشداریکردووە، هاوکات کاریگەری بنەماڵەی بەسەرەوە بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەدوای شکستی شۆڕشی بارزانی یەکەمو دوورخستنەوەی دواجار گەیشتە سلێمانی.

دوای ئەوەی مەلا مستەفا چووە سلێمانی، لەوێ لەگەڵ پارتی هیواو ئەندامانی ئەم پارتەدا پەیوەندی هەبووە، بەتایبەتی هەریەك لە(ڕەفیق حیلمیو جەلالی ئەمین بەگ)، ئەمە جگە لەوەی سەرەتای پەیوەندی نێوان مەلا مستەفاو پارتی هیوا بوو، فاکتەرێکی تر بوو بۆ زیاتر وروژاندنی هەستو سۆزی نەتەوەیی ئەم کەسایەتیە، کە زیاتر هانی مەلا مستەفای دا بۆئەوەی بیر لەبەرپاکردنی شۆڕشێك بکاتەوە[٧٥].

دەرئەنجامی پەیوەندیەکانی مەلا مستەفا بەکۆمەڵەی (هیوا)وە، بووەهۆی دارشتنی نەخشەی هەڵاتنی مەلا مستەفا لەسلێمانیەوە بۆ ناوچەی بارزان[٧٦]، ئەم هەڵاتنە ڕەزامەندی (ڕەفیق حیلمی) لەسەر بووو بەیارمەتی (شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود) بەڕێوەچوو، لە ١٢تەموز١٩٤٣و لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەیشتەوە بارزانو لەسەر ڕاوێژکاریی پارتی هیوا، بەرزانی بیرخەرەوەیەکی پێشکەش بەڕژێم کردو تێیدا داوای

75 زنار سلوپی: فی سبیل کردستان، ص ٢١٨.

76 جلیلی جلیل واخرون: الحرکة الکردیة فی العصر الحدیث، ت : د.عبدی حاجی، دار الرازی، بیروت، ط ١، ١٩٩٢، ص ١٨٨.

پێشخستن و چاککردنی باری ڕۆشنبیری و ئابووری کوردستانی دەکرد[77].

هاوکات بارزانیەکان ئاگایان لەپلانی مەلا مستەفا هەبوو، لەبەرئەوە هەر لەشۆڕشی١٩٣١-١٩٣٢ی بارزاندا هەندێك چەکیان لەئەشکەوتەکاندا شاردبووەوەو بەگەیشتنی مەلا مستەفا ئەو چەکانە کە(٣٠٠) تفەنگ بوون دەرهێنران، دوای چەند نامە گۆڕینەوەیەك و دەرکردنی بەیاننامەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بۆ خۆبەدەستەوەدانی مەلا مستەفاو چەکەکانی و ڕەتکردنەوەی لەلایەن مەلا مستەفاوە، حکومەت لە(٩)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣دا ڕایگەیاند بڕی(١٠٠٠)دینار دەداتە ئەو کەسەی مەلا مستەفا بەزیندوویی یان مردوویی بداتەدەست حکومەت و (٥٠)دیناریش بۆ ئەوکەسەی پیاوێکی مەلا مستەفا بداتەدەست، هەروەها لە(١٠)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣دا هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر ناوچەی بارزان[78].

لێرەوە سەرەتای شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) دەستیپێکرد و ئاراستەی وەرگرت، لە سەرەتاوە هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەیان بەسەر بنکەو هێزەکانی

---

77 نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل٦٢.

78 فەیسەڵ دەباغ: حزبی(هیوا)، ل١٨ بۆ ٢٦.

حکومەتدا بەدەستهێنا[٧٩]، پارتی هیوا لەو سەردەمەداو لەناو لەشکری عێراقیدا گەلێك ئەندامی هەبووە، کەپەیوەندی پێوە کردوون، دیارترینیان: زەعیم نورەدین مەحمود کەبەڕێوەبەری حەرەکات بوو لە وەزارەتی بەرگری‌و ڕەئیس ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیزو ڕەئیس فوئاد عارف‌و محەمەد باجەلان‌و چەندانی تر بوون، هەروەها دەسەلاتێکی زۆر لەفیرقەی دوودا هەبوو، لەمانە هەندێ فەرماندەی فەوج وەك: ئەمین ڕەواندوزی‌و فەرماندەی سرییەکان وەکو ڕەئیس مستەفا خۆشناوو ڕەئیس مەجید عەلی ڕەئیس شێخ مارف شێخ غەریب‌و ڕەئیس خەیروڵلا عەبدولکەریم‌و مولازم محەمەد قودسی‌و ڕەئیس شێخ مەحمودی شێخ تەها...هتدو ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرە بچوکەکانی سەربازی‌و قوتابیانی کۆلێژی سەربازی‌و مەلایانی تابوورو سەربازان، هەرچەندە هیوا ڕاستەوخۆ بەشداری لەشەڕدا نەکرد، بەلام ئەندامانی خۆی ئاگادارکردەوە لەدژی شۆڕشی بارزان نەجەنگن[٨٠].

یاداشتنامەیەکی دابە باڵیۆزخانەکانی بەریتانیاو ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەت‌و چین لەبەغدا بۆ

---

79 جليلي جليل واخرون: الحركة الكردية في، ص ١٨٩ ومابعدها.

80 فەیسەڵ دەباغ: حزبی(هیوا)، ل٢٧.

وەدیهێنانی داخوازیەکانی گەلی کورد[٨١]، هەروەك چۆن لەکاتی داواکردنی حکومەت لە مەلا مستەفا بۆ ئەوەی بەئاشتیانە چارەسەری کێشەکە بکرێت، هیوا بەیاننامەیەکی تر بلاودەکاتەوەو ئاراستەی حکومەتی دەکاتو داوای چارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردستانی کردبووو نارەزایی بەرامبەر کردەوەی نارەوای دەستەی بەرێوەبەری ئەم ناوچەیە دەرخستبوو، ئەم داوایانە لەچوارچێوەی لامەرکەزیو مافی رۆشنبیری کوردو یەکسانی کوردو عەرەب دەرنەچوو، مەبەستی هیوا تیایدا ئەوەبوو گفتوگۆکردن لەگەڵ مەلا مستەفادا نابێت لەچوارچێوەیەکی تەسکی داخوازییەکانی بارزانیەکاندا بکرێت، بگرە ئەمە شۆرشێکی میللەتی کوردەو داوای مافێکی فراوانتر دەکات[٨٢].

دوای ئەوەی حکومەت (ماجد مستەفا)ی کردە وەزیرو نوێنەری خۆی لەگەڵ مەلا مستەفاو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی هیوا کۆبووەوەو بەپێی رێکەوتنێك زۆرینەی ئەفسەرە کوردەکان لەکوردستاندا دەسەلاتیان پێدراو گەرانەوەی بارزانیە دورخراوەکان جێبەجێکرا، بەلام ئەم رێکەوتنە ئەوەندەی بۆ

---

81 نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل٦٢.

82 فەیسەڵ دەباغ: حزبی(هیوا)، ل ٣٠و٣٣.

ساردکردنەوەی شۆڕش‌و خۆڕێکخستنەوەی حکومەت بوو، ئەوەندە ئامانج‌و ستراتیج نەبوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد[٨٣].

توند بوونی بارودۆخ‌و جەنگ لەنێوان حکومەت‌و مەلا مستەفا، پارتی هیوای خستە دووڕیانێکەوە کەدواجار سێ ئاراستە لەم پارتەدا سەریهەڵدا:

١- چەپ: ئەم باڵە پێیان وابوو پارتی هیوا لەهەردوو کەسایەتی ناو پارتەکە (ڕەفیق حیلمی‌و ماجد مستەفا) ڕزگاربکرێت، ئەگەرنا پارتەکە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت‌و ئینگلیز، ئەم گروپە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە مارکسیەکاندا بەهێزکردبوو.

٢- ڕاست: ئەم باڵە گوێڕایەڵ‌و جێبەجێکەری بڕیارەکانی ڕەفیق حیلمی بوون‌و بەدڵسۆزی بۆ ڕەفیق حیلمی مانەوە، هەروەها یەکێتی پارت‌و بەهێزبوونەوەیان لەدەرکردنی چەپەکاندا دەبینیەوە.

٣- میانڕەوەکان: ئەم گروپە بڕوایانوابوو پێویستە پارتی هیوا لەسەر پرەنسیپی دیموکراسی بونیادبنرێتەوە، بەڵام دۆخەکە سەلماندنی ئەمە کارێکی ئەستەمەو دروستبوونی پارتێکی نوێ دەخوازێ کە هەڵگری بیرو ئایدیای نوێ بێت[٨٤].

---

[83] زنار سلوپي: في سبيل كردستان، ص٢٢٠و مابعدها.

[84] فيصل الدباغ: اضواء على كتاب، ص ٧٥-٧٦.

توندوتیژبوونی ناکۆکیەکانی ناو هیواو لاوازبوونی دوو هۆکارو لایەنی سەرەکی ڕۆڵی هەبوو تیایدا:

أ- ئایا گەلی کورد لەخەباتی نیشتمانی ڕزگاریخوازیدا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوایەتیەکەی دەبێ بەیەکێتی سۆڤیەتو کامپی سۆسیالیست یاخود بە بەریتانیاو کامپی ڕۆژئاوا پشت ئەستوربێ؟ ئایا کامیان پشتگیری گەلی کورد ئەکەن بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو مافە نەتەوەییەکانی یارمەتی دەدەن؟

ب- ئایا پێویستە لەسەر حزبی هیوا بەهەموو هێزو تواناوە یارمەتی جوڵانەوەی بارزان بدا، بەشداری تیابکاو جڵەوی سەرکردایەتی کردنی بگرێتەدەست[٨٥].

شۆڕشی بارزان لەژێر گوشاری ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەربازی عێراقیو بەهاریکاری نوێی هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیا، بەکۆتایی گەیشتو بارزانی لەئۆگۆستی ١٩٤٥دا لەڕێگەی کانی ڕەشەوە بەخۆیو پیاوەکانیەوەو بەچەکەوە گەیشتنە ڕۆژهەلاتی کوردستان[٨٦].

لێرەوە ناکۆکیەکانی نێوخۆی پارتی هیوا تادەهات لەتەشەنەدا بوو، دواجار لەکۆنفرانسی شوباتی ١٩٤٤دا لەکەرکوک، باڵی چەپی ناو پارتی هیوا بەتەواوی خۆی لەپارتەکە

---

[85] فەیسەڵ دەباغ: حزبی(هیوا)، ل٨٣-٨٤.

[86] نەجاتی عەبدوڵڵا: حزبی هیوا، ل٦٣.

کێشایەوەو بەشێکیان لەگەڵ (یەکێتی تێکۆشین)ی لکی حزبی شیوعی عیراق کەوتن، هەرچی باڵی ڕاستڕەویشە تاماوەیەك بەتەنیا درێژەی بەژیانی پارتی هیواداو بەهەمان ناو مایەوە تادوای کۆنگرەی کەلار لەساڵی ١٩٤٥ بەتەواوی هەڵوەشاو پارتی دیموکراتی کورد لەدایکبوو(٨٧).

## ٤-چالاکی ڕۆشنبیری پارتی هیوا :

پارتی هیوا وەك هەر پارتێکی تری سیاسیو نەتەوەیی بایەخێکی یەکجار زۆری بەلایەنی ڕۆشنبیری داوەو هەوڵیدەدا ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بەئاڕاستەیەکی نەتەوەییدا بەرێت، لەم تێڕوانینەوە ئەم پارتە لەزۆرینەی لقەکانیدا بڵاوکراوەی تایبەتی بڵاوکراوەتەوە، بۆ نمونە لقی هەولێر بڵاوکراوەیەکی چوار لاپەڕەیی بەناوی (دەنگی کورد)ەوە بڵاوکردۆتەوەو چەند ژمارەیەکی لێدەرکردووە، هەروەها ئەندامانی پارتی هیوا لەکۆیە بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (بڵێسە)ەوە بڵاوکردۆتەوە کە لەناوەڕۆکەوە هاوشێوەی (دەنگی کورد)بووە(٨٨)، لەسلێمانیشدا

---

[87] د.عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری، ل١٩٢-١٩٣؛ د.عبد الستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات، ص١٠٨-١٠٩.

[88] اسماعيل شكر رسول: اربيل، ص١١٦.

ئەم پارتە بڵاوکراوەیەکی لەشێوەی گۆڤاردا هەبووە کە بە(گۆڤاری هیوا) ناوبراوەو دەستنوس بووەو لەلایەن ڕەفیق حیلمیەوە بڵاوکراوەتەوەو نوسراوەتەوە[٨٩].

هەروەها گۆڤارێکی هەفتانە لەلایەن لقی هەولێری پارتی هیوا بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن (نافع یونس و قەرەنی دۆغرەمەچی)ەوە سەرپەرشتیکراوە، تەنها ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە دۆزراوەتەوە، کە لەجیاتی پێدانی ژمارە بەپیتی ئینگلیزی ژمارەکراوەو ئەو ژمارەیەی دۆزراوەتەوە پیتی (t) لەسەرە بەرامبەرە بەژمارە (٢٠)و لەم ژمارەیەداو لەمیانەی بابەتەکانیدا ئاماژە بۆ ژمارەی پێشتر هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی لەلاپەڕەی یەکەم نوسراوە ساڵی یەکەم، لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نهێنی و کوردیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەلای ناوی گۆڤارەکەوە ئاڵای کوردستان وێنەکراوە[٩٠].

بەشێوەیەکی گشتی ئەم گۆڤارە کراوەتە کەناڵێك بۆ ناساندنی کێشەی نەتەوەیی کوردو هەوڵدان لەپێناو ڕزگاربوون لەستەم و ژێردەستەیی و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە لاوان ئەو هێزەن توانای گۆڕانکاریان هەیە لەکۆمەڵگەدا[٩١].

---

[89] هێرش عبدوڵلا حەمە کریم: سلێمانی لە جەنگی، ل ٧٨.

[90] اسماعيل شكر رسول: اربيل، ص١١٦-١١٧.

[91] المصدر نفسه، ص ١١٧.

# بەشی سێیەم

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك)

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئێران لەدوای ڕوخانی حکومەتی ڕەزا شا لە(١٩٤١/٩/١٦)دا، پێینایە (قۆناغێکی نوێ)وە، ئەمەش دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا لەباشورو سۆڤیەت لەباکورەوە، کە بووەهۆی زەمینەسازی بۆ نەتەوە نافارسەکان لەئێراندا کە دەست بەخەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بکەن، کوردیش شان بەشانی نەتەوەکان هەوڵیدا لەمیانەی خۆکۆکردنەوەو ڕێکخستندا نەخشی خۆیان هەبێت لەڕووداوە جیهانیو ناوخۆییەکاندا، تاوەکو لەمیانەیدا کەسێتیەکی یاسایی و نێودەوڵەتی بەدەستبهێنن، بۆ ئەم مەبەستە لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی کوردی پێکدەهێنرێت کە کاریگەری گەورەو تایبەتی هەبووە لەمێژووی کوردو ئێراندا.

### یەکەم – دامەزراندنی (ژێکاف):

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کورتکراوەکەی (ژ.ك، k.J)ە لە (١٦ئابی١٩٤٢)دا لەسەر داروپەردوی (کۆمەڵەی ئازادیخوای کوردستان) دامەزرا[٩٢].

لەکۆبوونەوەی بەراییدا لەچەمی سابلاغو لەباغی حاجی داود، بەئامادەبوونی زیاتر لە (١٠) کەسایەتی بەشداری کردووەو ناوی (١١)یان لەزۆرینەی سەرچاوەکاندا دووبارە دەبێتەوە، بریتین لە (عەبدولڕەحمانی ئیمامیو حوسێن فروهەرو عەبدولڕەحمانی زەبیحیو قادری مودەریسیو نەجمەدینی تەوحیدیو محەمەدی نانەوازادەو عەلی مەحمودیو محەمەدی ئەسحابیو عەبدولڕەحمانی کەیانیو سدیقی حەیدەریو قاسمی قادریو مەلا عەبدوڵلای داودی ناسراو بە مەلا حەجۆکی)ن، ئەم کۆمەڵەیە لەچینو توێژە جیاوازەکانی شاری مهاباد پێکهاتبوون، کە تێکڕا وورده بورجوازبوونو لەسەر بنەمایەکی نەتەوەییو

---

92 د.كمال مظهر احمد: دراسات فی تاريخ ايران الحديث والمعاصر، الامانة العامة للثقافة والشباب، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢٥٧{هامش١٢٢}؛ فيصل الدباغ: اضواء على كتاب، ص ١١٣-١١٤.

بەنهێنی دەستیان بەخەبات کرد[٩٣]. لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەنو... ە کوردەکانی ڕۆژهەڵات نکوڵی لەبەشداری پارتی هیوا دەکەن لەدامەزراندنی (ژ.ک)دا، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان ئەم لایەنە دەسەلمێنن[٩٤].

سەبارەت بەهۆکارەکانی دامەزراندنی ژێکاف لە(مهاباد)دا، لەکاتێکدا مهاباد لەڕووی کارگێڕیو ژمارەی دانیشتوانەوە لەشارەکانی (سنەو کرماشان) بچوکترە، دەکرێت بڵێین:

أ. لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی نوێی محەمەد ڕەزاشا لەشاردا.

ب. نەبوونی هیچ سوپایەکی بیانی وەك بەریتانی یان سۆڤیەتی لەمهابادا.

---

93 عبد الرحمن قاسملو: اربعون عاما فی الکفاح من اجل الحرية، ت: د.عز الدين مصطفى رسول، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، بدون السنة، ص ٢٧-٢٨؛ د.یاسین سەردەشتی: جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٣٩-١٩٧٩)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣، ل ١١٨.

94 عبد الرحمن قاسملو: اربعون عاما فی،ص ٢٦؛ جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، و.لە ئەڵمانیەوە: کوردۆ، بڵاوکراوەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، سوید، ١٩٨٥، ل ١٢٦؛ کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی(١٩و٢٠)دا، و.محەمەد ڕەیانی، چاپخانەی سەقز، تەهران، چ ٢ ،١٣٦٩، ل ٣٦٢.

ج. هێمنیو ئاسایشی شار کە لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی ئایینی موڵکدار سەرپەرشتی دەکرا.

د. دامەزراندنی چەند پارتێکی وەك (پارتی ئازادیخوای کوردستان- ١٩٣٨)و (سازمانی جەوانانی کورد) بە رابەرایەتی (غەنی بلوریان) لەماوەی١٩٤١- ١٩٤٢.

ە. بڵاوبوونەوەی بیری ڕزگاریخوازیو دیموکراتی لەوناوچانەی سوپای سوری لێنزیکبوو.

و. ستراتیجی بوونی هەڵکەوتەی جوگرافی مهاباد، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی (تەبرێز- مهاباد) لەلایەك، (سلێمانی - سەردەشت- مهاباد) لەلایەکی ترەوە، هەریەك لەو دوو شارە مەڵبەندی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو ئازەر بوون.

ز. کاریگەریو پەیوەندی کوردی باشوری کوردستان لەڕووی (سیاسی و ڕۆشنبیری)ەوە[٩٥].

---

95 د.یاسین سەردەشتی: جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل ١١٤و دواتر.

## دووەم- پێڕەوی ناوخۆی ژێکاف:

دوای کۆبوونەوەی بەرایی کە دەکرێت وەك کۆبوونەوەی یەکترناسین‌و هەستکردن بەپێویستی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی لە قەڵەمبدرێت، هەروەك بلوریان دەڵێت: ڕێکخراوێك کە بتوانێت لەڕێگەی کاری نەتەوەییدا بەکاربهێنرێت، ئەو ڕێکخراوەی لەمێژبوو لەناو کۆڕو کۆبوونەوەکانی لاوانی شاردا باس لە پێویستی دروستبوونی دەکرا[٩٦].

کۆبوونەوەی دووەم لە مانگی نیسانی ١٩٤٣دا بەستراو نزیکەی (١٠٠) ئەندام بەشداری تێداکرد، وەك کۆنگرەی دامەزراندن ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە میانەیدا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دراو (حسێن فروهەر) کرا بەلێپرسراوی کۆمیتەی کۆمەڵەو بەرپرسی لیژنەکان دانرا وەك (لیژنەی ڕاوێژکاران‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوەو بەرپرسی مالی‌و لەگەڵ چەند ڕاوێژکارێك)، کۆی هەموو ئەندامانی باڵا (١٤)کەس بوون[٩٧].

---

96 غەنی بلوریان: ئاڵە کۆك، سوید، ١٩٩٧، ل ١٦.

97 ولیم ایکلتن الابن: جمهوریة مهاباد، ت: جرجیس فتح الله، مطبعة اراس، اربیل، ط ٢ ،١٩٩٩، ص ٧٠-٧١؛ مەحمودی مەلا عززەت: کۆماری میللی مهاباد، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٦٦.

گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرە بریتی بوون لەدەرکردنی گۆڤارێك بەناوی (نیشتمان) بۆ ئەوەی ڕەنگدەرەوەی بیروڕاکانی کۆمەڵە بێت، هەروەها بڕیاریاندا پەیوەندی بکەن بەنزیکترین هێزی نێودەوڵەتی کە یەکێتی سۆڤیەت بوو لە ناوچەکەدا، وەك پاڵپشتێك بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان لەسنوری کوردستاندا[٩٨].

شێوازی ئەندامبوون لەژێکافدا مەرجی تایبەتی هەبووە، دیارترینیانو یەکەمینیان پێویستبووە ڕەچەڵەکی کورد بێت، هەروەها ئەندام دەبوایە سوێند بخوات بە قورئان کە خیانەت لەنەتەوەی کورد نەکاتو لەپێناو سەربەخۆیی کورددا تێدەکۆشێتو هیچ نهێنیەکی کۆمەڵە نەبەزارەکیو نەبەنوسین دەرنابڕێتو تامردن لەڕیزەکانی کۆمەڵەدا بمێنێتەوەو هەموو کچو کوڕێکی کورد بەخوشكو برای خۆی بزانێتو بێ مۆڵەتی کۆمەڵە پەیوەندی بەهیچ گروپو پارتێکی ترەوە نەکات، ئەم سوێند خواردنە لەبەردەم سێ ئەندامی کۆمەڵەدا جێبەجێ دەکرا[٩٩].

ئامانجەکانی کۆمەڵە لەژمارەی یەکەمی گۆڤاری نیشتماندا ئاماژەی بۆ کراوەو نوسراوە "کۆمەڵەی ژ.ك بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵستو قورتو چەڵەمەییکی وەکو دوژمنایەتی خوبەخو،

---

98 مەحمودی مەلا عززەت: کۆماری میللی مهاباد، ل ٦٦.

99 د.عبد الستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات ، ص ٢٢٠-٢٢١.

دوبەرەکیو خوخوری، پول پەرستیو بیگانە دوستی کە لەریگای پیشکەوتن ەوە سەرکەوتنی کوردا هەیە بە هەمو هیزو توانای خوی تێدەکۆشێت تا زنجیرو کەلەمەی دیلیو ژێردەستی لە ئەستوی نەتەوەی کورد دامالی وە لەم کوردستانە لەتو کوتی ایستا کوردستانیکی گەورەو ریكوپیك بەرهەم کە هەمو کوردیك بە سەربەستی تیا بژیت"[100].

هەر لەپرۆگرامی کۆمەڵەدا هاتووە کە "بو وەلامی هیندیك لە نەفامو تی نەگەیشتوەکان بەندێکی مەرامنامەی کومەلە دەنوسین کومەلەی ژ.ك لەسەر چوار کولەکەی اسلامەتی کوردایەتی مەدەنیەت، صلحو اشتی خوازی داندراوەو هەموو قانوونو نظامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی مقدسی اسلام تەطبق ئەکریو اینجا ئەخرێتە کار"[101].

پێدەچێت ئامانجەکانی کۆمەڵە جۆرێك لە گۆڕانکاری تێدا کرابێت بەتایبەتی ئەگەر ئەو یاداشتنامەیە بخوێنینەوە کە لەساڵی ١٩٤٥دا داویانەتە (ئاغا فەهیمی) نوێنەری حکومەتی

---

100 گۆڤاری (نیشتمان)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، پوش پەڕی١٣٢٢و جولای ١٩٤٣، ل٢-٣ {وەرگیراوە لە: جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥، ل ٧٨}.

101 گۆڤاری (نیشتمان)، ژمارە (٥)، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی ١٣٢٣، ل ١٠ {بڕوانە: جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان، ل ١٠٥}.

ئێران‌و وەزیری ڕاوێژکاری دەوڵەت کە هاتبووە مهاباد، تیایدا هاتبوو کە:

١-پێویستە حکومەتی ئێران دانبنێت بەزمانی کوردیدا وەك زمانی (٣)ملیۆن کوردی ناوچەی کوردستان.

٢-زمانی کوردی بکرێتە زمانی ڕەسمی خوێندن‌و بەڕێوەبردن‌و دادگاکانی کوردستان.

٣-هەموو باج‌و دەرامەتی کوردستان لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناوچەکانی خۆیاندا خەرجبکرێت.

٤-کارمەندی دەزگاکانی کوردستان کورد بن.

٥-ئەم داواکاریانە لە مەجلیسی ئێران باسبکرێت.

٦-ئەمە مافی ئێمەیە، ئامانجی دواییمان خودموختاریە بۆ کورد، لەدوای تەواوبوونی جەنگیش کورد خۆی بڕیاری چارەنوس دەدات.

٧-ئەگەر هاتوو کورد بڕیاری چارەنوسی خۆیدا ئەوسا ئێران وەك هاوسێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت[١٠٢].

بەم شێوەیە بەرەچاوکردنی بارودۆخەکەو قۆناغبەندی ژ.ك گۆڕانکاری لەئامانجەکانیدا دەکات، بەڵام دواجار خۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا خۆی دەبینێتەوە.

---

[102] نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان- کورد لە گەمەی سۆڤێتدا، چ ١، ١٩٩٣، ل ٦٢-٦٣.

هەروەها ژێکاف یەکێك لەدیارترین خاڵی وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش لە کاتێکدا قازی محەمەد ویستی ببێتە ئەندام، دوای ئەوەی زنجیرەیەك گفتوگۆو دانوستاندن لەبەرامبەر کێشەی وەرگرتنی قازی محەمەد وەك ئەندامێکی ژێکاف بەڕێوە چوو، دواجار لەکۆبوونەوەیەکی فراواندا لەئەیلولی ١٩٤٤داو لەماڵی (ئەحمەد ئیلاهی) بانگێشتی قازی محەمەد کرا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی کۆمەڵە، (قازی) بە ئەندامێتی کۆمەڵە ڕازی بوو، بەڵام لەلایەن کۆمەڵەوە هیچ لێپرسراویەتێکی پێنەسپێدرا، بوونە ئەندامی قازی محەمەد کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر فراوانبوونی بنکەی جەماوەری ژێکاف، چونکە لەگەڵ ئەوەی قازی کەسایەتیەکی ناسراو بوو لای دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت، لەهەمان کاتدا دەمڕاستی شاری مهابادو ناوچەی موکریان بوو[١٠٣].

---

[103] حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة فی الشرق الاوسط، مکتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢، ص ٣٠٤.

## سێیەم-چالاکی وکارەکانی ژێکاف:

### ١- ڕێکخستن و کاری نهێنی:

دامەزراندنی ژێکاف لەسەرەتاوە وەك کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو، ئەمەش خواستی هەموو ئەندامان بوو، شێوەی ڕێکخستنەکانی لەسەرهەمان شێوازی ئەو ڕێکخستنە بوو پارتە شیوعیەکان هەیانبوو، واتە هەر ئەندامێك پێنج کەسی لە شانەکەی خۆیدا دەناسی، بەمجۆرەو بەپێکهاتێکی هەرەمی تالوتکە بونیاد نرا بوو، نهێنی بوونی ژ.ك لەسەرەتاوە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی ژمارەی ئەندامانیان نەزانین، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣داو لەکۆبوونەوەی دووەمەوە کارو چالاکی بەشێوەیەکی بەرچاو نەخشی خۆی وەردەگرێت و (١٠٠) ئەندام بانگێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردن لەم کۆبوونەوەیەدا، هەرلەمیانەی ئەم کۆبوونەوەیە ئۆرگان و ڕێکخستنەکانی ژێکاف بۆ شارەکانی تری کوردستان دیاری دەکرێت و لێپرسراوی کۆمیتەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کرا، لەبەرئەوە دەبینین دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە ژێکاف زۆر بەخێرایی بەشارەکانی (بۆکان و

میاندواب‌و سەردەشت‌و ورمێ‌و سەقزو بانەوشنۆو نەغەدەو سنە)دا تەشەنەیکرد[104].

چالاکی ئەم کۆمەڵەیە هەر لەسنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەتیسی نەخوارد، بەڵکو باشوری کوردستانی گرتەوەو لەشاری سلێمانیدا لقێکی (ژێکاف) دامەزرا، کە(برایم ئەحمەد) سەرۆکی بوو دیارترین ئەندامەکانی بریتی بوون لە (ئیسماعیل هەقی شاوەیس‌و سدیق شاوەیس‌و عوسمان دانش‌و فایەق بێکەس‌و زەکیە بابان‌و مەدهۆش)، دوای هەڵوەشانەوەی (پارتی هیوا) بەشێکی ئەندامانی لقی سلێمانی هیوا چوونە ژێکافەوە، ئەم لقە توانیان ئەندامان لە شارەکانی کەرکوک‌و خانەقین لەخۆیان کۆبکەنەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندیان بەمەڵبەندی ژێکافەوە هەبوو لە مهاباد[105].

ئەندام بوونی قازی محەمەد لەڕیزی ڕێکخستنەکانی ژێکافدا وەك ئاماژەمان بۆ کرد خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بواری کاروچالاکیەکانی ژێکافداو لە تەوژمێکی بەهێزدا ڕێکخستنەکانی بەجۆرێك پانتایی‌و قوڵایی کۆمەڵگەی کوردی گرتەوە، کە مەلاو مامۆستایانی ئایینی لە مزگەوتەکانەوەو

---

104 دانا آدمز شمدت: رحلة الى رجال الشجعان، ت: جرجیس فتح الله، مطبعة اراس، اربیل، ط٢، ١٩٩٨، ص ١٧١.

105 هێرش عبدوڵلا حەمە کریم: سلێمانی لە، ل ٨٢.

لەوتارەکانیاندا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد (ژ.ك) ئەو کۆمەڵەیەیە خزمەتی کوردایەتیو ڕزگاربوونی کوردستان دەکاتو هانی خەڵکیان دەدا بچنە ڕیزەکانی ئەم کۆمەڵەیەوە، جەختیان لەسەرئەوە دەکردەوە ئەوەی نەچێتە ژێکافەوە لەلایەن خواوە بەگەورەترین تاوان ئەژماردەکرێت[١٠٦].

ئەوەی زیاتر جەماوەری بوونی ژێکاف دەسەلمێنێت، بریتی بوو لە پاڵپشتی کردنی ژێکاف لە (سەدری قازی) لە خولی (١٤)ی هەڵبژاردەی مەجلیسی ئێرانیدا وەك نوێنەری شاری مهاباد، لە بەرامبەر کەسێکی تری فارس بەناوی (ئاغای محیط) کەلەلایەن تارانەوە دانرابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە لەبەیاننامەیەکی فەرمیدا دژ بە تاران هەڵوێستی خۆی دەربڕی، لە بەرامبەر نەدانی مافو ئیمتیازی نەوتی باکور بەکۆمپانیایەکی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٤٤دا، هاوکات دەستگرتن بەسەر شارەوانی شاری مهاباددا لەساڵی ١٩٤٤و لەمانگی شوباتدا، چەند ئەندامێکی (ژ.ك) بەپاڵپشتی جەماوەر جێبەجێکراو (٥) سەربازی ئێرانی کوژران[١٠٧]، نمونەی زیندوی فراوانیو بەهێزی ڕێکخستنو ڕیزەکانی ژێکافە.

---

106 عەلادین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ل ١٨٦.

107 د.یاسین سەردەشتی: جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل ١٢٦-١٢٧.

## ٢- چالاکی و ڕۆشنبیری ژێکاف:

ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف کۆمەڵێك لاوی خوێنەوارو چالاکی لەخۆگرتبوو ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لەنەخشی خەبات و دیاریکردنی میکانیزمەکانی ئەو خەباتەدا، زوو بەزوو دەرکی بەبایەخی ئۆرگان و زمانحاڵێکی فەرمی کۆمەڵە کرد، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەچەند ڕوویەکەوە بایەخی خۆی هەبوو، لەلایەك بۆ ڕوونکردنەوەی بنەماو پرەنسیپ و خواستەکانی کۆمەڵە، لەلایەکی ترەوە بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەماوەردا، سەرەڕای هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی نەتەوەییەوە.

سەرەتای ئەم هەوڵانەو دوای ماوەیەکی کەم لەدامەزراندنی کۆمەڵە چەند کۆمەڵە هۆنراوەیەك لەکاتی جیاجیادا بڵاوکرانەوە، دیارترینیان (دیاری کۆمەڵەی ژ.ك بوو بۆ لاوانی کورد)و (دیاری مەلا قادری کۆیی)و (گوڵبژێرێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی هێڵی نیشتمانی کورد)و (دەستە گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لە باغی نیشتمان پەروەری) بوون، هەر لەو سەرەتایەشەوە ڕۆژمێرێکی کوردی بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە[١٠٨].

---

[108] نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورد لە گەمەی، ل ٦٩-٧٠.

ئەم بڵاوکراوانە گەرچی شێوەی بەردەوامی نەبووو هەوڵی پچڕپچڕبوون، بەڵام کاریگەری خۆیان هەبوو تائەوکاتەی گۆڤاری (نیشتمان) لەدایکبووو بوە زمانحاڵو پەخشکەری بیرو ئایدیاکانی کۆمەڵەی ژێکافو بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاودەکرایەوەو دەگەیشتە باکورو باشوری کوردستانو سنورە دەستکردەکانیشی بەزاند، ئەم گۆڤارە لە تەمموزی ساڵی (١٩٤٣)ەوە تا مایسی ساڵی (١٩٤٤) بەردەوامبوو، (٩)ژمارەی لێدەرچوو، وەك بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژێکافو گۆڤارێکی (کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو خوێندەواریو مانگی کوردی) بڵاودەکرایەوە، میکانزمێکی کاریگەر بوو لەناساندنی ژ.كو ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانیو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی لەواقیعی کوردو لەو سەردەمەدا[١٠٩].

شان بەشانی گۆڤاری نیشتمان، ژێکاف هەوڵیداوە لەمامەڵەی ڕاستەوخۆو گوتاری زیندوو لەگەڵ هەستو سۆزو ناخی کوردیدا مامەڵە بکات، بۆ ئەم مەبەستە لەڕێگەی کاری شانۆییو شانۆگەری (دایکی نیشتمان) ئامانجو خواستەکانی خۆی بە خەڵك ڕادەگەیاند، ئەم شانۆگەریە سەرەتا لەشاری مهاباد پێشکەشکراو چەند مانگێك بەردەوام بوو، دواتر زۆرینەی شارەکانی ئۆستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای گرتەوەو نمایشکرا،

---

[109] جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان، ل

لەگەڵ ئەوەی ئەم شانۆگەریە جۆش و خرۆشێکی زۆری بەخشیە کوردی ڕۆژهەڵات و لەهەموو شوێنێك ڕۆڵەکانی نیشتمان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان تێدەکۆشان، بەبناغەی شانۆی سیاسی کوردی دادەنرێت لەمێژووی هونەری کوردیدا[١١٠].

شیاوی باسە ئەم شانۆگەرییە وەك کەناڵێکی کۆمەڵە بۆ بانگەشەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی گیراوەتە بەر، لایەنێکی گرنگ و پەرەسەندوی خەباتی کوردمان بۆ دەخاتە ڕوو، چونکە لە کاری نمایشدا گفتوگۆ لەگەڵ تاکەکاندا دەکرێت بێئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێت خوێندەوەرە یان نەخوێندەوار، بەمانایەکی تر شانۆ لەوکاتەدا دەشێ کاریگەری لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان زیاتر بووبێت لەوەدا گۆڤارو ڕۆژنامەکان تایبەت بووە بەخوێنەواری کورد، لەکاتێکدا شانۆ گەورەو بچوك، خوێندەوارو نەخوێندەوار، خەڵکانی سادەو ساکاری کۆمەڵگە دەتوانن سودی لێوەربگرن.

### ٣- پەیوەندییەکانی ژێکاف :

سەرەتای پەیوەندییەکانی (ژێکاف) لەگەڵ پارتی هیوادا دەستپێیکرد، ئەمەش دوای ئەوەی (میرحاج و مستەفا خۆشناو) لەکۆبوونەوەی دامەزراندنی ژێکافدا بەشدارییەکی چالاکیان

---

110 ولیم ایکلتن الابن: جمهورية مهاباد، ص ٨٠.

هەبووو ڕۆڵێکی دیاریان بینی لەداڕشتنی پەیڕەوپرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیەدا، هاوکاتو لەم قۆناغەدا هەردوولا خواستی پەیوەندی دۆستانەیان هەبووە، چونکە ناردنی نوێنەری هەردوولا بۆلای یەکتر ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەم لایەنەشمان لە باسی پارتی هیوادا ڕوونکردۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە ژێکاف پەیوەندی هەبووە لەگەڵ (خۆییبون)دا، ئەمەش کاتێك نوێنەری کۆمەڵەی خۆییبون لە ساڵی (١٩٤٤)دا سەردانی شاری مهاباد دەکەن، نوێنەرانی خۆییبون بریتی بوون لەهەردوو کەسایەتی ناسراوی خۆییبون (قازی مەلا وەهابو قەدری بەگی کوڕی جەمیل پاشای دیار بەکری)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی باس لەوە دەکرێت ژێکاف لقی لەباکوری کوردستاندا هەبووە، پەیوەندی نێوان هەرسێ پارت ڕێگە خۆشکەربوو بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی گەورەو گرنگ لە چیای (دالانپەر)، لەم کۆبوونەوەیەدا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە بەپەیمانی (سێ سنور) ناودەبرێت، ئەم پەیمانە گوزارشتبوو لەکارکردنی هاوبەشو دەستەکۆ لەپێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییو کوردستانی گەورەو یەکێتی خاکی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە، هەروەها بارودۆخی فەرمانڕەوایی خۆبەخۆی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێکرا، هەر لەمیانەی ئەم کۆبونەوەیەدا بڕیار لەسەر ئاڵای کوردستان درا، کە

لەڕەنگی سوورو سپیو سەوز پێکهاتبوو لەگەڵ ڕۆژ یان خۆرێك لە ناوەڕاستداو دوو گوڵە گەنم لەم لاو ئەولایدا قەڵەمو شاخێك لەپشتیەوە[111].

سەبارەت بە پەیوەندی ژێکاف بەهەردوو زلهێزی بیانی لە ئێراندا (سۆڤیەتو بەریتانیا)، دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکانی کۆمەڵە لەگەڵ سۆڤیەتدا، پەیوەندیەك نەبوو لەڕەهەندێکی ئایدۆلۆجیەوە سەرچاوەبگرێت، بەڵکو تەنها بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بووە لەپێناو بەرجەستەکردنی ئامانجو خواستەکانیاندا بووە، لەبەرئەوە هەرگیز ئەم پەیوەندییە ئەو ئاستەی بەخۆوە نەگرتووە ژێکاف بکاتە داردەستو جێبەجێکەری سیاسەتەکانی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، هەروەك چۆن لە پارتی (تودە)دا دەبینرێت، ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە ژێکاف پارتێکی نەتەوەیی بووەو هەوڵیداوە لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی بێگانەی لەسەر نەبێت، بەڵام کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزراندنیدا بڕیاریدابوو بەکۆمەکی ڕووسەکان خۆیان بەئاکام بگەیەننو قۆناغی دواتریش بەهەلومەرجی جیهانیو ڕەوتی ڕوداوەکان بسپێرن[112]، سۆڤیەت لەسەرەتادا

---

[111] ولیم ایکلتن الابن: جمهورية مهاباد، ص ٧٥-٧٦.

[112] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، و:سەردار محەمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١٢.

وەڵامی داواکاریەکانی(ژ.ك)ی نەداوەتەوە، دواتر کاتێك ژێکاف توانی خۆی لەگۆڕەپانی ناوخۆی کوردستاندا سەلماندووە، پاشان سۆڤیەت بۆی دەرکەوت ژ.ك بۆتە ڕاستیەکی نکوڵی لێنەکراوو پێویستە مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، لەبەرئەوە هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێت، ئەم پەیوەندیانە لەڕێگەی بازرگانیەوەو لەئەنجامی هاتنی بازرگانە ڕووسەکانەوە دەستپێکرد، چونکە بازرگانە ڕووسەکان بۆ کڕینی کەلوپەل ئەچوونە ناو شاری مهابادەوە[113]، ئەمە سەرەڕای پەیوەندی نوسەرێکی وەك ئاکویان کە هەمان پەیوەندی هەبوو[114]، هەر لەسەر بنەمای پەیوەندی هەردوولا بوو کە مەڵبەندی پەیوەندییە ڕۆشنبیریەکانی کوردی- سۆڤیەتی لەشاری مهابادو لەساڵی ١٩٤٥دامەزرا[115].

پەیوەندی ژێکاف بە بەریتانیاوە شتێك نەبووە، ئەگەرچی بەریتانیا لەلایەن (ژ.ك)ەوە وەك ڕزگارکەری گەلەژێردەستەکان سەیرکراوە، ئەمە لەگۆڤاری نیشتماندا بانگەشەی بۆکراوە[116]،

---

113 د.یاسین سەردەشتی: جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل١٣١؛ کەندالٚو قاسملو وئەوانی تر: گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت، سوید، ١٩٩٨، ل ٢٤٢.

114 عبد الرحمن قاسملو: اربعون عاما فی، ص ٢٨.

115 کەندالٚو قاسملو وئەوانی تر: گەلێکی پەژمودە، ل٢٤٥-٢٤٦.

116 عبد الرحمن قاسملو: اربعون عاما فی، ص ٢٨.

بەڵام ئەم هەڵوێستە ئەوەندەی تەکتیك بووە بۆ پشتگیریکردنی ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن بەریتانیاوە، ئەوەندە ستراتیج نەبووە لەبەرئەوە هەوڵێکی ئاشکرا لە پەیوەندی نێوان ژێکاف‌و بەریتانیا نابینین[117]، هاوکات بەریتانیا بەچاوی گومانەوە بۆ کۆمەڵەی ژێکافی ڕوانیووە[118].

## چوارەم- گۆڕانی (ژ.ك) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان:

بەرنامەی ژێکاف‌و کاروڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ژێکاف، لەتوانایدا نەبوو تەریب بەفراوانبوونی بنکە جەماوەریەکەی‌و ئەو تەوژمە بەردەوامبێت‌و توانای دسپلینکردنی جەماوەری نەمابوو‌و پێویستی بەپێداچوونەوەی گشتی هەبوو بۆ میکانیزم‌و کەناڵەکانی خەباتی نهێنی، لێرەوە کورد لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا ئاسۆیەکی ڕوونیان بە دیدەکرد، لەبەرامبەردا ژ.ك توانای وەڵامدانەوەو ئەو گۆڕانکاری‌و دیاردە نوێیانەی نەبوو لەگۆڕەپانی سیاسی ئێران‌و کوردستاندا ئاڕاستەی وەرگرتبوو، ئەم هۆکارانە ڕێگەخۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی خواستی

---

117 المصدر نفسه، ص ٢٩.

118 جليلى جليل واخرون:الحركة الكردية فى، ص ٢٠١.

دامەزراندن‌و پێکهێنانی پارتێکی نوێی کراوەو خاوەن بەرنامەی ئاشکرا لەساڵی ١٩٤٥دا[١١٩].

ئەوەی زیاتر بووە هۆی خێراکردنی ئەم پرۆسەیە، پێشنیاری باقرۆفی سەرەك وەزیراتی ئازەربایجان بوو بۆ نوێنەرانی کورد بەسەرکردایەتی قازی محەمەد لەکاتی سەردانیان بۆ باکۆ، دوای ئەوەی کورد دڵنیابوون لەیارمەتیدانی سۆڤیەت بۆ کێشەی کورد لەئێراندا، ڕاستەوخۆ دوای ئەم سەردانە لەسەر داوای قازی محەمەد بەئامادەبوونی (٤٠٠) ئەندامی ژ.ك کۆبوونەوەیەك لەمەڵبەندی پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی- سۆڤیەتی بەسترا، تیایداو دوای گفتوگۆو دانوستان بڕیاری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان درا[١٢٠].

ئەوەی تێبینی دەکرێت کەسێتی قازی محەمەد کاریگەری بەهێزی هەبووە لەگۆڕینی کۆمەڵە بۆ پارتی دیموکرات، بەتایەتی لەکۆبوونەوەکەدا زۆر بەووردی چۆنیەتی یارمەتی ڕوس‌و سودوەرگرتن لەڕوس لەپێناو سەرکەوتنی کورددا ڕوونکرابووەوە، لەلایەکی ترەوە قازی محەمەد توانیبووی وەك سەرکردەیەك خۆی لەناو ئەندامانی کۆمەڵەو خەڵکی کوردستان‌و

---

119 عبد الرحمن قاسملو: اربعون عاما فی، ص ٢٩-٣٠.

120 دانا ادمونز شمنث: رحلة الی، ص ١٧٦.

لەلای حکومەتی تاران‌و سۆڤیەت بسەلمێنێت[121]، هاوکات بزوتنەوەی ئازەری لەئازەربایجان کاریگەری زۆری هەبووە بۆ دروستبوونی پارتێك بەناوی دیموکرات[122].

گۆڕانی کۆمەڵەی ژ.ك بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی نەبوو، لەبەرئەوە دەبینین سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی چالاکی پارتی دیموکرات هەمان ئەو ئەندامە کارایانە بوون لە ژ.ك دابوون، بەشێکی پرۆگرامەکەشی لە پرۆگرامی ژ.ك هەڵێنجابوو، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ژ.ك گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام تائێستا نوسراوو بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی ژ.ك نیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم گۆڕانکاریە هیچ جۆرە دابەشکاری‌و جیابوونەوەیەکی لەڕیزەکانی پارتی دیموکراتدا بەرچاو ناکەوێت کەگوزارشت بێت لەنارەزایی ئەندامان لەگۆڕانکاریەکەدا.

---

121 ولیم ایکلتن الابن: جمهوریة مهاباد، ص ٧٩.

122 جلیلی جلیل واخرون: الحركة الكردية فی، ص٢٠١.

## بەشی چوارەم

# خۆیبون- هیوا- ژێکاف
# و
# بەراوردێك لەستراتیجو کاری نەتەوەییان

ئەگەر مێژووی نەتەوەی کورد پێمان بڵێت کورد لەدوای شکستی دەوڵەتی میدیاوە بەردەوام بەدوای شوناسێکی تایبەتو یەکگرتودا وێڵبووەو لەم هەوڵدانەشداو بەپێی کاتو شوێن، هەوڵیداوە گۆڕانکاری لە میکانیزمەکانی خەباتو پرۆسەی خۆدۆزینەوەدا بکات، بەڵام دواجارو لەسەردەمی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەویدا دووچاری دابەشبوون بووە، ئەم دابەشبوونە لەدوای جەنگی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) قوڵترو زیاتربووە.

دابەشبوونی کوردستان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی جیاوازی زۆری هەبوو لە پرۆسەی دابەشکاریەکانی پێشوو، چونکە ئەم جارەیان کورد کەوتەبەر ڕەحمەتی چەند دەوڵەتو نەتەوەیەکی ناسیۆنالی وەك تورکو فارسو عەرەب، کە هەریەك لەو دەوڵەتانە لەپرۆسەی دروستکردنداو لەلایەن زلهێزانو بەویستی ئەوان دروستکران، لێرەوە دەمانەوێت بڵێین ڕەوتو پێکهاتەی ئەم دەوڵەتە ناسیۆنالانە ناسروشتیو ناکامڵبوون، لەبەرئەوە زوو بەزوو لەباری ئاسایی خۆیان دەردەچنو دەبنە سستمێکی تۆتالیتارو دکتاتۆرو ڕەوتێکی شۆڤێنی دەگرنەبەر بۆئەوەی لەم ڕێچکەیەوەو لەهەوڵی تواندنەوەی نەتەوە

جیاوازەکان لەپێکهاتێکی یەك ڕەنگ و یەك دەنگ و لەچوارچێوەی نەتەوەکانی خۆیاندا دابڕێژنەوە.

لەلایەکی ترەوە دابەشبوونی کوردستان و بزاوتە نەتەوەییەکەی لەدەرئەنجامی ئەو دابەشبوونە، کارکردێکی بەهێزی لە توخم و هێزە پێکهێنەرەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی هێنایە بوون، کەدواجار کاری کردەسەر خواست و پێکهات و پرەنسیپەکانی ئەم ناسۆنالیزمە لەگەڵ سێ کلتوری جیاوازی (تورکی- فارسی -عەرەبی) بیرکردنەوەو هەوڵی جۆراوجۆری لەناوچە دابەشکراوەکانی کوردستاندا هێنایەبوون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بۆکرا دەبینین مامەڵەی کورد لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتە داگیرکارو شۆڤینستانەداو لەهەر پارچەیەك لەپارچەکانی کوردستان، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەپارچەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی ئەم لایەنە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەدیدەکرێت، ئەمەش پێدەچێت چەند هۆکارێك ڕۆڵی هەبووبێت، دیارترینییان بریتیە لە:

١- هەرسێ دەوڵەتی تورك و فارس و عەرەب قۆناغی نێوان دوو جەنگ قۆناغی خۆڕێکخستن و بونیادنانەوەو بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆو دەسەڵاتی بووەو نەپرژاوەوەتە سەر بەهێزکردنەوەو

تۆکمەکردنەوەی سنورەکانو دامرکانەوەی هەوڵو خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان.

٢- ئەو میکانیزمو سیاسەتەی لەلایەن هەرسێ دەوڵەت گیراوەتەبەر هاوشێوەنو تاڕادەیەکی زۆر لێکچوون.

٣- دابەشبونی کوردستان گۆڕانکاریەکی نوێیە لەقۆناغی نێوان دوو جەنگدا هێشتا کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی تۆخنەبۆتەوەو دەرهاویشتەی نەبووە.

لەم دیدگایەوەو بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو لایانەی ئاماژەمان بۆکرد، هاوکات دیاریکردنی خاڵە هاوبەشو ناکۆکەکانی نێوان جوڵەو خەباتی کورد لەپارچەکانی کوردستان، بەراوردی نێوان هەرسێ پێکهاتەی کوردی (کۆمەڵەی خۆیبون- پارتی هیوا- کۆمەڵەی ژ.ک) لەچەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

## یەکەم- ڕێکخستنەوەی هەوڵەکانو کاری دەستەکۆیی:

ئەگەر دروستبوونی خۆیبون لەساڵی١٩٢٧داو لەدەرئەنجامی تواندنەوەی چەند پارتێکی کوردی لەباکوری کوردستاندا بەرجەستە بوو بێت، ئەوا بەهەمان شێوە هیوا

بەرئەنجامی جەمبوونەوەی هەرسێ کۆمەڵەی ئازادیو برایەتیو دارکەر بوو، کە هەروەك چۆن (ژ.ك) لەسەر داروپەردووی کۆمەڵەی ئازادیخوای عەزیز زەندی بونیاددەنرێتەوەودواتریش سازمانی جەوانانی کورد دەبنە بەشێك لێی[123].

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە دروستبوونی هەرسێ پێکهاتەکە، جگەلەوەی شێوازی خەباتی بەرەییمان بۆ دەخاتەڕوو، هاوکات دەرهاویشتەی بیرکردنەوەو دەرککردنی عەقڵی نەتەوەیی کوردە بەیەکبوونو یەکخستنی ڕیزەکانی لەهەرپارچەیەکدا.

هاوکات یەکخستنی ڕیزەکانو تواندنەوەی پارتو ڕیکخراوەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات لەهەر پارچەیەکدا، تەنها کۆکردنەوەی تواناکان نەبوو بۆ ئەوەی یەك تەوژمو ئاڕاستە بەخەباتی ناسیۆنالستانە بدات، بەڵکو لەهەمان کاتدا هەوڵدان بوو بۆ گۆڕینی میکانیزمو کەناڵەکانی ئەم خەباتەو نوێژەنکردنەوەیان بەجۆرێك لەگەڵ شێوازی خەباتو سەردەمو شوێنی ئەم خەباتەدا بگونجێت.

جەمبوونەوەی ئەم ڕێکخراوانەو سازشکردن لەبەرژەوەندی تەسکی کەسیو چینایەتی لەپێناو دارشتنەوەی پێکهاتێکی گشتگیرو بنکە فراوان لەژێرسایەی یەك سەرکردایەتیدا،

---

123 محمد صالح الزيباري: خويبون ، ص ١٦٢؛ نەجاتی عەبدوڵڵا: حزبی هیوا، ل ٦٠-٦١؛ د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل ١١٧-١١٨.

بەدیوێکی تردا دارشتنەوەی سەرچاوەکانی بڕیاربوو لەیەك سەرچاوەدا، تەریبکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بوو لەپێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کە هەمووان لەئاستیدا ملکەچ و خزمەتکاربوون.

ئەم خواستی ڕێکخستن و ئاوێتەکردنی خەباتە، تەنها لەبۆتەی پارچەکانداو بەجیاوازی نەمایەوە، بەڵکو ئەم خواستە بووە خەمێکی سەرکردایەتی لەهەریەك لە (کۆمەڵەی خۆیبون و پارتی هیواو کۆمەڵەی ژ.ك)داو لەم پێناوەشدا هاتوچۆی نمایندەو نوێنەرانی هەرسێ پێکهاتەی کوردی لەپەیوەندیکردنی یەکتردا بوون و رایەڵەکانی هاوکاری و دۆستایەتی لەپێناو پاڵپشتی یەکتری و سەرخستنی کوردو کوردستان لەخەباتدا بەرجەستە بکەن.

پەیوەندی و خواستەکانی نێوان (خۆیبون و هیواو ژ.ك) گەیشتە ئاستێك نوێنەری نەتەوەییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لەمانگی ئابی١٩٤٤دا لە چیای (دالانپەر) کە دەکەوێتە نێوان سنوری ئێران- عێراق- تورکیا کۆبوونەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا پەیمانێك بەناوی پەیمانی (سێ سنور) واژۆ دەکەن کە لە(١٢)خاڵ پێکهاتبوو، گرنگترینیان ئەوەبوو جگە لەمانەوەی لقەکانی ژ.ك لەهەریەك لەم پارچانەدا، سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان پێکبهێنرێت و

ئاڕاستەی خەباتی نەتەوایەتی کورد بکات ڕووەو سەرکەوتن، بەشداربووانی ئەم پەیمانە بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان بریتیی بوون لە (شێخ عەبدوڵڵای زینۆو ووردیو سەعید کانی مارانیو سەید عەزیز شەمزینیو حەمزە عەبدوڵڵا (لە باشوری کوردستان)و قاسی قادریو ڕەحمانی ئیلخانی زادە (لە ڕۆژهەڵات)و قازی مەلا وەهاب (لەباکور)و قەدری جەمیل پاشا زادە (لە ڕۆژئاوا)[١٢٤].

ئەم شێوازە لەبیرکردنەوەو پلانڕێژی عەقڵی نەتەوەیی کوردی، جگە لەوەی هەوڵێکی بایەخدارو کرداری بوو لەواقیعدا، مایەی تۆقاندنو ترساندنی نەیارانی کورد بووە بە تورکو فارسو عەرەبەوە.

## دووەم- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی لەچارەنوسی ئۆرگانەکاندا:

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیو جیاوازی نێوان دەستەو گروپە کۆمەڵایەتیەکان لەناوچەو شارەکانی کوردستاندا

---

124 زنار سلوبی: فی سبیل، ص ٢١٣؛ د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل١٢٢.

هاوشێوەو چوونیەك نەبووە، ئەم جیاوازیە لەڕووی ئاستی هۆشیاری‌و ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە زۆر ڕون‌و ئاشکرایە، لەبەرئەوە دەستەی سەرکردایەتی بزاڤو هەوڵە نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا زیاتر سەرەك خێڵ‌و کوڕە ئاغاو مەلاو شێخ‌و سەید بوون‌و کەمتریان ڕۆشنبیرو کەسانی پیشەگەرو بازرگان بوون، لێرەوە ئەو ململانێیەی لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبووە جگە لەوەی ئەم ململانێیە ناوەخنێکی خێڵەکی‌و کلاسیکی هەبووە، کەمتر لەفۆرمی ململانێیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی وێناکردووە، بەلام بەدرێژایی ماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانی‌و سالانی جەنگی دووەم‌و لەدەرنجامی پێگەیشتنی ئەو دەستە لاوو خوێندکارە ڕۆشنبیرانەی لەناوەندی‌و دواناوەندییەکانداو هەندێکیشیان لەپەیمانگاکاندا بوون‌و لەهەولی خستنەڕووی پرۆژەیەکی نوێ‌و جیاواز لەپێشتر کاریاندەکرد، لێرەوە ململانێی نێوان ئەم گروپە لەگەڵ سەرکردەی کلاسیکی کورد{کلاسیك بە ئەو سەردەمە قسەی لەسەر دەکەین} لەئاستێکی پەرەسەندوترو هۆشیارانەتردا بەدیدەکرێت، ئەگەرچی ئەم ململانێیەو ناکۆکی نێوانیان لەلایەك هاوکات ناکۆکی نێوان هەریەك لەو گروپانە لەنێو خۆیانداو سازشنەکردن‌و ملنەدانی هیچ لایەکیان بۆ ئەوی‌و نەچونە

گۆڕەپانو پرۆژەی یەکترەوە، کاردانەوەی خراپو دابەشکاریو پەرەوازەیی لەخەباتو کارەکاندا دروستکردووە.

ئەو کێشەیەی ئامازەمان بۆ کرد، لەهەریەك لەکۆمەڵەی خۆیبونو پارتی هیواو کۆمەڵەی ژێکافدا بەدیدەکرێت، بەڵام لەفۆرمو ئاستو پێکهاتەی جیاواز لەیەکدا.

ئەم ململانێیە لەلایەن هەردوو گروپەکەوە (کلاسیکی-لاوان) هەوڵی ساغکردنەوەی دراوە لە میانەی سەرخستنی خۆیدا، بەڵام لەم کاتەدا ناکۆکیەکە بەرەخنەی جیاواز لەیەکتر بەڕێوەچووە وەك (دزیکردن- ئارەزوو بازی-کەم ئەزمونی-...هتد).

لەبەرئەوە کۆمەڵەی خۆیبون چۆن دوچاری چەند جیابوونەوەیەك دێت، یەکەمیان لەجیابوونەوەی (عەلی ڕەزاو ئەمین ڕامانی) خۆی دەنوێنێت لە ساڵی ١٩٢٨[١٢٥]، دووەمیان لەدەرەنجامی گێرمەو کێشەی نێوان بنەماڵەی جەمیل پاشاو بەدرخانیەکان ڕویدا کاتێك لەساڵی ١٩٣٢دا بەدرخانیەکان لەخۆیبون جیادەبنەوە[١٢٦].

هەر لەبارەی ئەم ململانێو ناتەباییەی ئەندامانی خۆیبون (حاجۆ ئاغا) لەساڵی (١٩٣٣)داو لە گۆڤاری (هاوار)دا لەشام بەناونیشانی (ئاغا، شێخو ڕۆشنبیران)ەوە دەنوسێت، "لەبابەتی

---

125 ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبونو شۆڕشی ئاگری، ل٧٩.

126 هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.

ڕۆشنبیرانەوە هێندێ بیرو بۆچوون وەپێش چاو دەخا، حاجۆ ئاغا لەم وتارەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە هەندێ لاو لە شێخ‌و ئاغا نارازین، ـەو ئەمە بە هەڵە لە قەڵەم دەدا، حاجۆ ئاغا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ئەو سەرهەڵدان‌و شۆڕشە گرنگانە ڕاست یان هەڵە، لە لایەن ئاغاو شێخەکان دەست پێکراون، حاجۆ ئاغا لەو بڕوایەدایە، کە دەبەرامبەر ئەمە لاوان‌و ڕۆشنبیران کە خۆیان خزاندۆتە شارەکانەوە، لە بارودۆخی کوردستان دوورن‌و ناشارەزان، لە لایەکی تریشەوە حاجۆ ئاغا گوناهبارکردنی ڕۆشنبیران‌و لاوان بە (بێ ئایینی- بێبڕوا) بە کارێکی نابەجێ دەزانێ‌و پێیوایە دەبێ هەموو تێکڕا لە خەباتی نەتەوەکیدا بەشداربن،...، لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنوسێ کەسێ دەخزمەتی وڵاتەکەیدا بێت، هەر کەسێ بێ، دەگاتە پلەو پایەیەکی بەرز(١٢٧).

ئەم ووتارە دەقاودەق بەشێکی زۆری هۆکارەکانی ئەوناکۆکی‌و ململانێیە دەخاتەڕوو، ئەم ململانێیە هەروا فەرامۆشنەکراوە، بەڵکو چەندان ئەندامی نێو کۆمەڵەی خۆییبون وەك خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن لە هاوشێوەی (جگەر خوێن‌و نوری دەرسیمی‌و ...هتد) بەردەوام لەهەوڵی ئاشتکردنەوەی ناکۆکەکانی نێوکۆمەڵەدا بوون(١٢٨).

---

[127] هەمان سەرچاوە، ل ٨٣-٨٤.

[128] هەمان سەرچاوە، ل ٨٣ودواتر.

سەبارەت بە(پارتی هیوا) دەکرێت نموونەی هەندێك لەو ناکۆکیانە لەچەند هەڵوێستو ڕوداوێکدا بدۆزینەوە، سەرەتا لەڕووی ئایدۆلۆجیەوەو لەدەرئەنجامی ماملانێی ڕاستڕەوو چەپڕەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێتو پاشان لەڕاڕایی پارتی هیواو ناکۆکی نێوان ئەندامانی ئەم پارتە لەبارەی هەڵوێستیان لەبەرامبەر شۆڕشی بارزان، بەرجەستە دەبێت[١٢٩].

ئەم جیاوازیە لە ناو پارتی هیوادا فۆرمێکی تری وەرگرت، ئەمەش لەپشتبەستن بەکام هێزی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی نەتەوەی کورد، چەپەکان ڕۆژی ڕوناکیان لەسۆڤیەتدا بەدیدەکرد، لەکاتێکدا ڕاستڕەوەکان ئینگلیزیان بەو ئاسۆ پرشنگدارە دەبینی کە خەوەکانی کوردی پێدێتەدی[١٣٠].

بەم شێوەیە ناکۆکیو ململانێی نێوان ئەندامانی پارتی هیوا ڕەوتێکی ئایدۆلۆجی لەخۆدەگرێت، هەرچەندە ئەم ماملانێیە لەناواخنەوە بەدەرنیە لەململانێی لاوە تازە پێگەیشتووەکان لەگەڵ کلاسیکەکانی ناو هیوا کە(ڕەفیق حیلمی) پێشڕەویان بوو.

کۆمەڵەی (ژێکاف)یش ئەگەرچی لەسەرەتاوە لەلایەن نوێنەرانی ووردە بورژوازەوە دامەزرێنراو هێرشی تەبلیغاتی

---

129 فیصل الدباغ: اضواء على کتاب، ص ٧٤-٧٦.

130 نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل٦٢.

دەکردە سەر شێوازی کاری عەشیرەتی، چوار دەستەکە: شێخ و مەلاو سەیدو ئاغا مافی ئەوەیان نەبوو بگەنە سەرکردایەتی و پلەی ڕێبەرایەتی[131]، کەئەمە خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەو ناڕازی بوونی ئەم دەستە نوێیە دەخاتەڕوو لەبەرامبەر سەرکردایەتی کلاسیکی کورد.

لێرەوە دەشێت ئەو نارەزاییەی کە ئەگەر بووبێت لەبەرامبەر بەئەندامبوونی (قازی محەمەد) وەك کەسایەتیەکی ئایینی، لەو بیرو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتبێت کە وەك کەسێکی کلاسیکی و ئایینی ئەندامانی مەترسیان لەوە هەبووە کۆنرۆڵی (ژ.ك) بکات وەك لە دواتردا وای لێدێت، بەڵام ئەم نارەزایی و جیاوازی بیروبۆچوونە نەچووە ئاستێکەوە هاوشێوەی خۆییبون و هیوا پەرژوازەیی و دابەشبوون ڕوویدات، بەڵکو ناوی ژ.ك لەئەنجامی هاتنی قازی بۆ ناوی پارتی دیموکرات دەگۆڕێت.

### سێیەم- سومبولی پیرۆزو وردە بورژوازی کورد:

لەگەڵ ئەوەی ئامارەمان بۆ بنەڕەتەکانی پێگەیشتنی وردە بورژوای ڕۆشنبیری کوردی کرد لە ماوەی دوای جەنگی یەکەمی

---

131 د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل١١٩و١٢١.

جیهانی‌و تا ساڵانی جەنگی دووەم، بەڵام نەگەیشتبووە ئاستێك بتوانێت خۆی سەرکردایەتی‌و بەڕێوەبەری خەبات‌و هەوڵە ڕزگاریخوازی‌و نەتەوەییەکان بێت‌و ببێتە داینەمۆی ئەم خەباتە، بەڵکو شان بەشانی دەستەی کلاسیکی کوردی خەباتی کردووەو هەوڵیداوە ببێتە هاوکارو پاڵپشتی ئەم دەستەیە.

دەکرێت ئەمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگێڕینەوە کە سەرەڕای ئەوەی وردە بورژوای کورد وەك دەستەیەکی لاوازو بێهێز ناسرابووو خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری نەبوو، وەك ئاماژەمان بۆ کرد بە بیرۆکەی کافر لە قەڵەمدراوە، لەبەرامبەردا سەرکردایەتی کلاسیکی کوردی لە نێو ڕەشوروتی گوندو هۆزو دەروێشەکاندا دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو[132].

لەبەرئەوە ئەگەر هەندێك هەوڵی وردە بورژوای کوردی لەپێناو خەباتی نەتەوەیی‌ی ڕزگاریخوازی کوردی لەسەرەتاوەو بە دوور لەسەرکردەی کلاسیکی کوردی گەڵاڵە کرابێت، ئەوا لەبەر لاوازی بنکەی جەماوەریەکەی‌و کەم تەمەنی ئەم دەستەیە تەنها سنورێکی تەسك‌و خەڵکێکی کەمی لێکۆبۆتەوە، لەپێناو

---

132 جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری ((قەومیەتی))ی ڕۆژهەڵاتی‌و نەبیری ((ناسیۆنالیزم))ی ڕۆژئاواییە – ووتارێکی سەمیناری یە لە ڕۆژی شەممە (١٩٨٤/٨/١٨) لە ستۆکهۆڵم (سوێد) خوێنراوەتەوە، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا، سۆکسە/ لکی سوێد، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ١٩٨٤، ل ١٥٩ ودواتر.

فراوانکردنی ئەم خەباتەو چارەسەری ئەم گرفتانەدا بورژوای ڕۆشنبیری کورد بەناچاری بیری لە سومبولێکی پیرۆزو کاریزمی کردۆتەوە، تاوەکو سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو بنکەیەکی فراوان بۆ خەباتەکەی لە جوگرافیایەکی فراواندا بونیادبنێت، دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تائێستا لەباکگراوندی بیرکردنەوەی تاکی کوردیدا ئامادەیی هەیە.

لەم سۆنگەیەوە خۆییبون (جەلادەت بەدرخان) دەکاتە سەرۆکو بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە، چونکە لە بنەماڵەیەکی خەباتکارو بەناوبانگی کوردستانە کە بنەماڵەی بەدرخانە.

بەهەمان شێوە بانگێشتکردنو هەڵبژاردنی (ڕەفیق حیلمی) بۆ سەرۆکایەتی کردنی پارتی هیوا بۆ هەمان ئەو مەبەستە بووە کە ئاماژەمان بۆ کرد، (نوری شاوەیس) وەك یەکێك لەدامەزرێنەرانی پارتی هیوا زیاتر ئەم ڕاستیە ڕوندەکاتەوەو نوسیویەتی: دەستەیەکی نێوەندیمان دروستکرد بێ ئەوەی هیچ سەرۆکێك بۆخۆمان دابنێین، چونکە هیچ کامێکمان ئەو دەسەڵاتو لێوەشاویەی لەخۆیدا نەدەدی کە ببێتە سەرکردەی پارتی هیوا، لەبەرئەوە لیژنەیەکی سەرکردایەتیمان دانا... دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن (ڕەفیق حیلمی)یان هێناو بە سەرۆك

هەڵیان بژاردووە، ئەمەش لەبەرقورسایی کەسایەتیەکەی بووە، کە کەسایەتیەکی کلاسیکیانە بووە[١٣٣].

تەنانەت (نەجاتی عەبدوڵڵا) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەرەتا لەلایەن ئەندامانی پارتی هیواوە ناوی چەند گەورە پیاوێکی کوردیان دیاریکردووە، کە(تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمی، مەعروف جیاوك، ماجد مستەفا، جەمال بابان)بوون، دواتر هەموویان بڕیاردەدەن پەیوەندی بەڕەفیق حیلمیەوە بکەن، چونکە هەم خاوەنی ڕابردوویەکی سیاسی دوورو درێژەو هەم ڕوناکبیرێکی گەورەی کوردەو جێگەیەکی دیاری هەیە[١٣٤].

سەبارەت بەهاتن‌و وەرگرتنی (قازی محەمەد) لەکۆمەڵەی (ژ.ك)دا هەمان کێشە هەبوو، چونکە (هەژار) وەك ئەندامێکی سەرەتایی چالاکی کۆمەڵە نوسیویەتی: "ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایەرو خەڵکی دیکەی سەرناس‌و چەتونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل‌و شیاوی حورمەت گرتنە بێنە گەڵمان‌و هیچ کەسی پایە بەرز بە حوسێن {مەبەستی حوسێنی فروهەرە کە دوو ساڵ بەرپرسی ژ.ك بوو – ل} ڕازی نەدەبوو. ئەوسا داوامان لێکرد (واتە لە قازی – ل) کە بێتە حیزبی قبوڵی

---

133 هەمان سەرچاوە، ل١٦٤.

134 نەجاتی عەبدوڵڵا: حزبی هیوا، ل٥٩-٦٠.

کردو زۆر زوو بڕیاردرا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ، ئیتر زۆر لە ئاغاو پیاو ماقوڵان بچوکی قازیان پێ شەرم نەبوو هاتنە یاریمانو هاتنە ناو حیزبەوە"[135].

بەهەمان شێوە (جەمال نەبەز) لەم بارەیەوە نوسیویەتی: "بۆ خۆناسینو خۆچەسپاندن لە ١٩٤٤دا نێودارێکی وەك (قازی محەمەد)یان کردە ئەندامی خۆیان"[136].

بەم شێوەیە هەرسێ پێکهاتە کوردییەکە، لەپێناو فراوانکردنو خۆناساندن بەکۆمەڵانی خەڵك بەناچاری ڕوویانکردە سەرکردە کلاسیکیو سومبولیەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیو بۆئەوەی لەوێوە هەستو سۆزو پاڵپشتی تاکی کوردی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

بەڵام ئەگەر ئەم هەنگاوەی خۆییبونو هیواو ژێکاف بەدیوێکدا بەئیجابی کەوتبێتەوەو قازانجیان لێکردبێت، ئەوا بەدیوێکی تریدا زۆرخراپ شکاوەتەوە، بەتایبەتی ئەم سەرکردە سومبولیانە دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئەم پارتو کۆمەڵانەیان گرتۆتە دەست بەشێوازێکی تاکڕەوانەو ڕەها مامەڵەیان بەدەسەڵاتەوە کردووەو چۆنیان ویستبێت بەوجۆرە ئاڕاستەیان

---

135 د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل١٢٣-١٢٤.

136 جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، و.کوردۆ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥، ل١٢٧.

پێداوە، ئەمەش بووەتە سەرەتای کێشەو لەمپەری بەردەم پارتو کۆمەڵەکانو فاکتەری شکستیان، بۆ سەلماندنی ئەم لایەنە دەکرێت نمونە لە هەرسێ پارتو کۆمەڵەکاندا بخەینە ڕوو.

(ئالا کۆم) لەم بارەیەوە نوسیویەتی: " قەدری جەمیل پاشا لەو باوەڕەدابوو بەدرخانییەکان لە نێو (خۆیبوون)دا دکتاتۆریانە ڕەفتاریان دەکردو (جەلادەت بەدرخان) بەهەواو هەوەسی پاشایەتییەوە گلابوو"[137].

هەروەها کاتێك داوا لە (ڕەفیق حیلمی) دەکرێت ببێتە ئەندامو سەرۆکی پارتی هیوا، یەکەم مەرجێك دایناوە ئەوەبووە بە (سەرۆکی باڵا) بانگبکرێت[138]، تەنانەت واباسدەکرێت ڕەفیق حیلمی داوایکردوە لەسەر هەمان ئەو شێوازە سڵاوی بۆ بکرێت لەلایەن ئەندامانەوە، کە نازیەکانی ئەڵمانیا بۆ هیتلەریان کردووە.

کەسێتی کاریزمی ڕەفیق حیلمی بەجۆرێك لەلای ئەندامان ڕێزی گیراوە، کە ئەفسەرە ئەندامەکانیش وەکو گشت ئەندامانی تر سڵاویان بۆ کردووە، لەم بارەیەوە (برایم ئەحمەد) لەبەشێك لەبیرەوەریەکانی خۆیدا دیمەنێك دەگێڕێتەوە کەپارتی هیوا

---

137 ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، ل٨٢.

138 د.عبد الستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات، ص ٩٨؛ فەیسەڵ دەباغ: حزبی هیوا، ل ١١.

چەندە لەناو کۆمەڵانی خەڵك و ئەفسەرە کوردەکاندا جێگەی رێزو خۆشەویستی بووەو دەڵێت: "بیرمە جارێك لەمایسی ١٩٤١ بەهۆی ئینقلاب (کۆدێتا)ی رەشید عالی گەیلانیو زابتە نەتەوەییە عەرەبەکانی سەر بە ئەڵمانەکانەوە، بانگکرابوومەوە بۆ سەربازی وەك (زابتێکی ئیحتیات)و لەو کاتەدا لە کەرکوك بووم، ئێوارەیەك لەگەڵ کۆمەڵێ ئەفسەرە کوردەکانی دۆستم کە زۆربەیان ئەندامی هیوا بوون لە یانەی ئەفسەران دانیشتبووین، لەپڕ مامۆستا رەفیق حیلمی دەرکەوتو گشت زابتەکانیش بەرزبوونەوە هەروەکو ئەو هیتلەرو ئەوانیش سەربازی نازی بن، دەستیان هەڵبڕیو هەموو بەیەك دەنگ گوتیان – هەربژی سەرۆکی باڵا – بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە زابتە عەرەبەکانی دەوروبەریانو هەتا (سەرۆکی باڵا) داوای دانیشتنی لێنەکردن دانەنیشتنەوە"(١٣٩).

سەرۆکایەتی (قازی محەمەد)یش لە کۆمەڵەی (ژ.ك)دا، جگە لەوەی سەرەتای گۆڕانی (ژ.ك) بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان)، (جەمال نەبەز) نوسیویەتی: "قازی لە ماوەیەکی کەمدا توانی تواناو کەسێتی خۆی بەگەڕبخاتو ببێتە سەرکردەی حیزبەکە، پاشان حزبەکەی بەئارەزووی خۆیو

[139] نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل ٦٥ {ئەویش لە گۆڤاری گزینگ، ژمارە (١٣)، سوێد، ١٩٩٦، ل ٤٥ وەری گرتووە}.

بەویستی کاربەدەستانی ئەو کاتەی شورەوی هەڵدەسوڕاند"[140].

بەم جۆرە پەنابردنەبەر سومبولی پیرۆز لەسەرکردایەتی کلاسیکی کوردیدا لەلایەن وردە بورژوای کوردەوە، جگە لەوەی جارێکی تر بێهێزیو کەم ئەزمونیو بێ جەماوەری خۆی پێسەلماند، بووەمایەی بالاکردنەوەی دەسەلاتی کلاسیکی کوردی لەهەرسێ پارتو کۆمەڵەکاندا.

## چوارەم – ئەندامێتیو هەوڵی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کەسێتیو عەقڵی تاکەکاندا:

هەموو پارتو ڕێکخراوو کۆمەڵەیەکی سیاسی یان ڕۆشنبیری یان کەلتوریو کۆمەلایەتی، هەڵگری کۆمەڵێك دروشمو ئامانجەو لە پێناو بەدیهێنانیان کاردەکات، جگەلەوەی میکانیزمو کەناڵی جۆراوجۆر دەگرێتەبەر لەپێناو کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری خۆی، هاوکات سنوربەندیو سکێچێکی تایبەتی دەداتە ئەو کەسانەی خواستی ئەندامێتی پێشکەش دەکەنو بەمەرجی تایبەتیی ئەو پارتو ڕێکخراوو کۆمەڵە، قبوڵ دەکرێن.

140 جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، ل ١٢٧.

ئەمەش وەك سروشتی هەموو ئۆرگانێك لەپێناو تەریبکردنەوەی بۆچون‌و ئایدیاکاندا، بەجیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیریان، لەپێناو هۆشیارکردنەوەی ئەو تاکانە لەبەرامبەر ئەو ماف‌و کێشەیەی (پارت یان ڕێکخراو یان کۆمەڵە) کەی لەپێناودا دروستبووە، لێرەوە ئەرکی سەرەتاو بنەڕەتی دەبێتە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کەسی‌و بونیادی عەقڵی تاکەکان‌و ڕاهێنانیان لەسەر هەندێك بنەماو دیاردە کە دەشێت پێشتر پەییان پێنەبردبێت یان بەلایانەوە نەشازو قەدەغە بووبێت، بەمانایەکی تر سازش پێکردنی تاکەکان لە شێوازی بیرکردنەوەو هەندێك داب‌و نەریتی کەلتوری‌و کۆمەڵایەتی لەپێناو دروستکردنی یەکانگیری نێوان ئەندامەکان، پاشان ئاڕاستەکردنیان ڕووەو ئامانج‌و دروشمە باڵاکانی ئەو(پارت - ڕێکخراو-کۆمەڵەیە)یە.

لێرەوە هەریەك لە (کۆمەڵەی خۆییبون - پارتی هیوا - کۆمەڵەی ژ.ك) لەم چوارچێوەیەدا هەوڵیانداوە، بەر لە هەرشتێك لەڕێگەی مەرجەکانی ئەندامێتیەوە کار لەسەر کەسێتی کوردی بکەن‌و، ئەو گۆڕانکاریە بکەن کەلە پاشخانی عەقڵ‌و بیرکردنەوەی تاکی کوردیدا وەك کۆمەڵێك دەردی کوشندە خۆیان چەسپاندووەو، هەمیشە فاکتەری شکست بوون لە هەر جوڵەو بزاوتێکی (کەسی یان دەستەکۆیی) کوردیدا.

هەرسێ پێکهاتەکە هەستیان بەوە کردووە تاکی کوردی خەریکە لەخۆی ووندەبێتو لە بازنەی نامۆییدا خولدەخوات، شکستی هەوڵو شۆڕشە کوردییەکانیان دەرك پێکردووە، کە هەندێك لە هۆکارەکانی خۆی لە خیانەتو دووبەرەکی خێڵەکیو ناپاکیکردن لەیەکتریو هێرشبردنە سەریەکتر بەفەرمانی دوژمنو لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

دەکرێت بڵێین هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەم گرفتو کێشانە، کەڕۆڵی زۆر نەگەتیفیان لەمێژووی خەباتی نەتەوەییو ڕزگاریخوازی کوردیدا بینیووە، کارێکی بێهودەو قەزاوقەدەر نەبووە، بەڵکو ئەوە ئاگایی سەرکردایەتی ئەو بزاوتانەیە لە مێژوو، خەباتە لەپێناو ڕێکخستنەوەی نێومالّی کوردی پێش ئەوەی لەدژی دوژمنان خەبات ئاڕاستە وەربگرێت.

لەم سۆنگەیەوە ئەگەر سەیری پرۆگرامو کاری هەریەك لە خۆیبونو هیواو ژ.ك بکەین، بەتایبەتی لە مەرجەکانی بەئەندامبوونداو لەدروشمو ئامانجەکاندا، دەبینین شێلگیرانە لەم گۆڕەپانی خەباتەدا کاریانکردووە.

کوردبوون لەلای هەرسێ پێکهاتەکە وەك خاڵێکی سەرەکی جەختی لەسەر کراوەتەوە، چونکە خۆیبونو هیواو ژ.ك (ژیانەوەی کوردستان)، جگە لەوەی ڕەهەندێکی مێژوویيان هەیە

لەناونانەکانیاندا، هاوکات خۆیان گوزارشتن لەخواستی سەربەخۆیی و ژیانەوەی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر مەرجی سوێندخواردنی هەریەکێکیان بخوێننەوە زۆر ڕاستیمان بۆ ڕووندەبێتەوە لەو لایانەی ئاماژەمان بۆ کردن، لە خۆییبوندا بەم شێوەیە سوێندنامەی ئەندامێتی داڕێژراوە:

"سوێند بە شەرەف و ناموسم دەخۆم کە هەر فەرمانێکی ڕێکخراوەکە بیداو سەرلەبەری ئەو فەرمانانەی کە لەلایەن کەسێکی بەرپرس و دەستەکانەوە دەدرێن لە هەرکوێ و لە هەر کاتێکدا بێت قبوڵ بکەم، تەنانەت ئەگەر سەریشمی تێداچێ مافی ئەوەم نیە لەسەری هەڵدەمێ و دەقاودەق، وەك خۆیان چۆنن، بەو جۆرەیان بەجێ بێنم و لە هەرچی ڕێکخراو کەسانێك، کە شەخسی، تائێستا دەگەڵیاندا هاوسەروکارم بنەبڕ وازبێنم و لە پێناوی ئامانجی نەتەوەییدا لە بیرو باوەڕی خۆییبون بەولاوە، بڕوا بە بیروباوەڕی هیچ ڕێکخراوێکی دیکە نەکەم.

هەرچی پێناو دەزگایەکم لەبن دەستدان، یا لەبن دەستدابن، لەژێر فەرمانی ئەم ڕێکخراوەدا ئامادەیان بکەم و بێ فەرمانی ئەم ڕێکخراوە، نە بەنێوی ڕێکخراوەکەوە، نە بەخوایشتی شەخسی خۆمەوە، دەکاریان نەبەم.

چ تێکڕا بەوەی کە ئەندامی ڕێکخراوەکەمو چ بەوەی بە پێی ئەو کارانەی لە ئەستۆی خۆیان دەگرم، هیچ نهێنیەك ئاشکرا نەکەمو لە پێناوی ئەو نهێنیەو ئەو ڕێکخراوە، هەر سزایەکم بەسەردا بدرێ، تەنانەت لە سەریشم بدەن، قبوڵی بکەمو لە سەرەخۆمی جێبەجێ بکەم، واللە وباللە.

لەم کاتەوە، کە تائێستا ئەو سوێندنامەیە مۆر دەکەم، ئەگەر لە مەودای دووساڵدا مەترسی یەکی، کە گەفە لەبوونی نەتەوەو ئاسایشی کورد نەکاو ژیانو شەرەفم، یا کەسانێك، کە لەسەریان پێویستە خێزانی خۆیانو ئەو کوردایەتی بپارێزن (کەمن دەبەرامبەریاندا بە وەزیفە پابەندم)، لەلایەن کوردێکی دیکەوە بەر هێرشو شاڵاو نەکەون، هەرگیز چەك لەڕووی هیچ کوردێکدا هەڵنەکێشمو چارەسەری ناکۆکیو تۆڵەسەندنەوەو سەربەهای خوێن، بخەمە پاش ئەو دوو ساڵەو بەهەموو توانستو گوردەمەوە لە هەر خوێن ڕشتنو کوشتارێك، کەلە سۆنگەی شتی شەخسی لە نێوان دوو کوردا سەرهەڵبدەن، بەرەو بری بکەمو سوێند بە ئاینو شەرەفمو پیرۆزەکانم دەخۆم، واللەو باللە هەرکەسێ ئەم سوێندە بشکێنێ دوژمنو غایەنی نەتەوەی کوردەو سزای هەر غایەنێکیش مەرگە"[١٤١].

[141] ڕۆهات ئالاکۆم: خۆییبونو شۆڕشی ئاگری، ل١٥-١٧.

بەهەمان شێوە ئەندام لە پارتی هیوادا مەرجی سوێند خواردنی بۆ دانرابووو تەنانەت (ڕەفیق حیلمی)یش بەدەرنەبووە لێی، کە پێویستبوو ئەندام سەرەتا سوێندی حیزبی بەقورئان بخواتو لەو سوێند خواردنەدا دووکەس لەئەندامەکانی حزب ئامادەییان دەبوو، ئەو کەسە سوێندی دەخوارد ملکەچی هەموو فەرمانەکانی سەرکردایەتیو حزب بێتو نهێنیەکان بپارێزێتو خیانەت بەگەلی کورد نەکاو خۆی لەپێناوی ئامانجەکانیدا بەختدەکات[١٤٢].

مەرجی ئەندامێتی (ژ.ك)یش بەجۆرێك بوو سەرەتا ئەو کەسە دەبوایە خۆی بشۆردایەو لەڕوانگەی ئایینیەوە خۆی خاوێن کردبا، پاشان دەهاتە لای سێ ئەندامی ژ.كو لەشوێنێکی نهێنیو تایبەت سوێندی ئەندامەتی بە قورئانو ئالای کوردستانو، شمشێرو شەرەفی خۆی دەخوارد کە: "لەم ڕووەوە بەدڵو گیان بۆ ئازادی کوردستان تێدەکۆشمو تامردن قوسورناکەم، هیچ بەرژەوەندییەك وەپێش بەرژەوەندی خزمەت بە وڵاتەکەم ناکەم، برای حیزبیم بە قەد خۆم خۆش دەوێت، هەتامردن بەزمان، بەقەڵەم، بەئیشارەو بەهیچ جۆرێ خەیانەت بە

---

142 نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا، ل٦١.

حیزب ناکەمو ڕاستی لیٚ ناڵیٚمو ناوی نهیٚنی ئەندامانی لای هیچ کەس نادرکیٚنم"[١٤٣].

بەم شیٚوەیە دەبینین چۆن هەرسیٚکیان جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە ئەندامەکانیان نەوروژیٚننو یەکتریان خۆش بویٚتو هەمیشە کاراکتەری چاکسازیو ئاشتەوایی نیٚوان تاکەکانی کورد بن، هاوکات دڵسۆزی نەتەوەو ئەو دەزگایەبن تیٚیدا ئەندامن، خەباتکارو گیان بەخش بن لەو پیٚناوەدا بیٚئەوەی کەمتەرخەمی بکەن .

ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەریەك لەو پارتانە لە سنوری چالاکیو جوڵەی خۆیدا پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری بونیاد بنیٚت لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کیٚشەی خویٚنو میٚژوویی هەیە لەگەڵیاندا، لەبەرئەوە بایەخدانی خۆییبون بە نەتەوەی ئەرمەنو ژ.ك بە ئاسووریەکانی ئیٚران لەم بڕواو بیرکردنەوەیەوە سەرچاوەی گرتووەو تاڕادەیەکیش سەرکەوتوبوون لەکارەکانیاندا.

ئەمە جگە لەوەی هەوڵیانداوە سنورە دەستکردەکان ببەزیٚننو لەناوچەکانی یەکتریدا کارو چالاکی لەسەر بنەمای دۆستایەتیو برایەتیو هاوکاری ئەنجامبدەن، لەگەڵ هەموو هەوڵو شۆڕشیٚك هاوکاربنو پاڵپشتی لیٚبکەن، کۆبوونەوەی دالامپەرو پەیمانی

---

143 د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئیٚران، ل ١١٩-١٢٠.

سێسنور جگە لە هاوکاریو پاڵپشتی یەکتری، لێکچونی دیدو بۆچونەکانو بڕوای پتەوی هەرسێ لامان بۆ ڕووندەکاتەوە بۆ خەبات لە پێناوی کوردستانی گەورەو یەکگرتودا.

## پێنجەم -ئایین لە پێکهاتەی هەرسێ تۆرگانەکەدا:

ئایین لەپێکهاتەی کەلتوریو کەسێتی نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاوو پێگەیەکی دیاری گرتووە، کە ئەستەمە ئاماژە بۆ هەر جوڵەو پێکهاتێکی ئەم نەتەوەیە بکرێتو قسە لەم لایەنە نەکرێت کە هەمیشە ڕەهەندو کاراکتەرێکی ئەکتیڤە لەبونیادی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵگەی کوردیدا.

هەرچەندە لە گوزارشتێکی ڕاگەیەنراوو ئاشکرادا یاخود بە نوسراوێك یان وەك مادەیەك لەپرۆگرامی نێوخۆی خۆیبونو پارتی هیوادا ئاماژە بۆ ئایین نەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆو لە میانەی ئەو سوێند نامانەی لەلایەن هەردوولاوە کراوەتە مەرجێکی متمانە بەخشین بە تاکی کوردی وەك ئەندامێك، ئایین نەبۆتە کێشەیەك لەلایەن خۆیبونو هیواوە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیانی لەمەڕ دیاری بکەن، لەبەرئەوە وەك بەشێك لە کەلتوری کوردیو پەیامێکی پیرۆز، کە لێوەی متمانە دەبەخشێتە بەرامبەر مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

هەروەك چۆن ئەگەر سەرنجی هەردوو کۆمەڵەی خۆییبون‌و پارتی هیوا بدەین، دەبینین هەردووکیان لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا شێخ‌و مەلاو کەسانی ئاینپەروەریان تێدابووەو بەشێکبوون لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا هاتوونەتە بوون، بە مانایەکی تر خۆییبون‌و پارتی هیوا وەك دوو وێنەی بچوکراوەی کۆمەڵگەی کوردی فرەڕەنگیان پێوە دیاربووەو کەسانی ئایینیان تێدابووە لە(شێخ‌و مەلاو سەیدو...هتد).

بەڵام ئەوەی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە خۆییبون‌و هیوا جیادەکاتەوە، ئەوەیە (ژ.ك) سەرەڕای ئەوەی سوێند خواردنی بەقورئان کردۆتە مەرجێك‌و لەم خاڵەدا هاوبەشی (هیواو خۆییبون)ە، گوزارشتێکی ڕون‌و ئاشکرای هەیە کە باس لەناسینی ئایینی ئیسلام دەکات وەك ئایینی بنەڕەتی‌و زۆرینەی نەتەوەی کورد، لەیەکێك لە بەندەکانی مەرامنامەی کۆمەڵەدا هاتووە کە ژمارە (٧)ی وەرگرتوەو نوسراوە: "بەبونەی متدین بوونی بەشی زوری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام کومەلە لە کوردستان تەنیا دینی مقدس اسلام بە رەسمی دەناسیو بو تەرویجی شەریعەتی خاوینی اسلام‌و بەجی گەیشتی هەموو ریوو شوینیکی اسلامەتی تیدەکوشیو لەگەل منافقان بەربەرەکانیکی بە شیدەت ئەکا"[١٤٤].

---

[144] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە(٦)، ڕەشەمەی ١٣٢٢، ساڵی یەکەم، ل ١٦.

هەروەها لە میانەی ئۆرگانی فەرمیو زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژ.ك)دا کە گۆڤاری نیشتمانە، چەند وتارێکی تایبەت بەئایینو مێژووی ئیسلامی هەیە، لە ژمارە (٢)دا وتارێك بەناوی (بەهەشتی بەختیار) لە نوسینی (م.نادری -٧٦) لە لاپەڕە (١و٢)دا بڵاوکراوەتەوە، بەهەمان شێوە وتارێکی تر بەناوی (بۆ چی گەورەکانی-قریش- مسلمان نەدەبوون؟) لە لایەن ( ا\ل.ن.ع.بیژمن-٢) لە ژمارە (٦)داو لە لاپەڕە (١-٤)دا بڵاوکراوەتەوە، لەژمارە (٣و٤)دا کە بەیەك ژمارە دەرچووە، لە بەشی (طبی)دا وتارێك بە ناوی (ئەلکول) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا چەند ئایەتێك لەسەر حەرامی ئەلکول هێنراوەتەوە.

ئەمە شان بەشانی ئەوەی گۆڤاری نیشتمان لەبەرگی دووەمیدا خۆرێك هەیەو لە ناویدا (*J.K*) نوسراوە، لەسەرەوەی خۆرەکە بە کەوانەیی هەرجارەو ئایەتێکی قورئانی نوسراوە، لەژمارە (١)دا ﴿کم من فیئة قلیلة غلبت فئة کثیرة بإذن الله﴾ نوسراوە، بەڵام لە ژمارە (٢)دا ﴿ومن یتوکل علی الله فهو حسبه﴾ و لە ژمارە (٣و٤)دا ئایەتی ﴿نصر من الله وفتح قریب وبشر المؤمنین﴾ و لەژمارە (٥)دا ﴿تعاونوا علی البر والتقوی﴾ و لەژمارە(٦)یشدا ﴿إن الله یأمر بالعدل والإحسان﴾ بەکارهاتووە[١٤٥].

145 بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: گۆڤاری نیشتمانو ژمارەکانی.

ئەگەر سەرنجی ئەم ئایەتە قورئانیانە بدەین دەبینین هەمووی هاندانە لەسەر ئەوەی سەرکەوتن بە ژمارەی زۆرو کەم نییە، ئەوەی پشت بەخوا ببەستێت پشتیوانی دەکاتو سەرکەوتن بەرێوەیەو نزیکەو هاوکاری بکەن لەسەر چاکەو خواپەرستیو خوا فەرمانی بەدادوەریو چاکەکردن کردووە، واتە هەمووی خزمەت بە کۆمەڵگەی کوردیو هاندانی لاوو تاکی کورد دەکات، لەپێناو کورد هانیاندەدات بۆ ئەوەی چاکەو دادوەری لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبکەنەوەو هاوکاری یەکتری بکەن.

**شەشەم- هەڵوەشانو گۆڕانی (خۆیبوون - هیوا -ژ.ک)و تەسکبوونەوەی دروشمەکان:**

کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیو ساڵێك دواتری، کۆتاییو مەرگی کۆمەڵەی خۆیبوونو پارتی هیواو کۆمەڵەی (ژ.ك)بوو، دەڵێین (مەرگ) ئەگەرچی لەڕاستیدا مەرگ نییە بەواتای تەواو، چونکە لەشوێنی هەریەکێکیانو لەکاتی جیاجیادا (پارتی دیموکراتی کوردستانی–ئێرانو عێراقو سوریا) پێکهاتن، ئەمە ئەگەر لەڕووکاردا مەرگی پارتەکان نییەو هەریەکێکیان وەچەیەك لەجوگرافیای چالاکیەکانی خۆیدا دەنێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا مەرگە، مەرگی کوردستانی یەکگرتووو سەربەخۆ، چونکە

لەدوای کۆبوونەوەی دالانپەرەوە لەچوارچێوەی پارتو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا، جارێکی تر گوێ بیستو بینەری چەمکی کوردستانی یەکگرتووو سەربەخۆ نابینینەوە، بەڵکو پێناسی (ئێرانی یان عێراقی یان تورکی یان سوری) بوونی لەگیرفانیدا هەڵگرتووە.

لەبەرئەوە دەکرێت گوزارشتەکەی (نەجاتی عەبدوڵڵا) لە فورمێکی گشتی تردا دابڕێژینەوەو بڵێین ئیدی لەم مێژووەوە بزافی ڕزگاریخوازیی‌و نەتەوەیی کوردستان لەسەر ڕێچکەی کوردستانیبوون لادراو مێژوویەك لە(هەرێمچێتی) لە هەموانەوە دەستپێکرد، کە تا ئێستاش پڕییە لە خیانەتو خوێنو گوناه بەرامبەر بەیەکتر[146].

لێرەوە هەروەك (جەمال نەبەز) دەڵێت: "دروشمی هوردە بورژوای کورد بووبە (پاراستنی یەکێتی نیشتمانیی عێراقو ئێرانو تورکیاو سوریا...هتد)، هێندێ جاریش هوردە بورژوای کورد گەلێك پەرگیرترو خەستتر لەکۆمۆنیستە عەرەبو تورکو فارسەکانو گەلێك توندترو شێتانەتر لەداگیرکەرانی کوردستان دژی ئەو کوردانە دەوەستانەوە کە باسی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، بەنێوی بەربەرەکانێی (جیابوونەوە خوازی)ەوە دوژمنایەتی دەکردنو دەکەوتە خراپەکاری لە

---

146 نەجاتی عەبدوڵڵا: حزبی هیوا، ل٦٣-٦٤.

گەلیان و تەنانەت جاسوسی کردن بە سەریانەوە، و ئەم دژایەتی کردنی (جیابوونەوە خوازی)یەش لە پرۆگرامی حزبەکەیاندا دەیاننوسیو لە ڕۆژنامەکانیاندا بە ئاشکرا بلاویان دەکردەوە ... باسیان دەکرد کە(جیابوونەوە خواز)نینو (یەکێتی)ی ئەو دەوڵەتانەیان دەوێ کە کوردستانیان پەتکردووە"[147].

لەبەرئەوە ئەگەر سەرنجی دروشمەکانی کورد بدەین لە سەربەخۆیی بۆ (خود موختاریو ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردو دیموکراتی بۆ گەلانی تورکو فارسو عەرەبو پێکەوە ژیان لەپێناو یەکێتی خاکدا بەرزکرایەوە.

لەبەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستاندا چەندین بەندی تایبەت بەم لایەنانە بەدیدەکرێتو دیارترینیان بریتین لە:

"١-نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەحەلی خۆی سەربەخۆو ئازادبێو لە سنوری دەوڵەتی ئێراندا خود موختاری خۆی وەدەست بێنێ.

٨- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشان بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەریو پێش خستنی نیشتمانی خۆیان"[148]

---

147 جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥، ل ٢٠-٢١.

148 د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٤٥٨.

هەروەها لە مەرامنامەکەی حزبی دیموکراتیشدا هاتووە:

"فەسڵی دووهەم:

٤- لە قۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حزب بریتی یە لەوەی کە لەنێو سنورەکانی دەوڵەتی ئێراندا، پارێزگاری مافەکانی کورد بکاو بۆ جێگیر کردنی، ڕێگەی خودموختاری هەڵبژێرێت لە هەموو ئایالاتو ویلایاتانەدا کە بەدرێژایی مێژوو کوردیان تێدا ژیاوەو زەحمەتی کێشاوە هەروەها لە کوردستان ئەبێ لەسەر بنچینەی دیموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازی میللیو قەومیو مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی مافی وەکو یەکیان هەبێ.

٦-هیچ دوژمنایەتیو ناکۆکیەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نییە، بەڵام ئەیەوێ بەڕێگای هێمنانە تێبکۆشێ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگو لەش ساغیو کشتوکاڵی گەلی کورد کە لە ئەنجامی دەسەلاتی چەوسێنەراندا بەدواکەوتویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داوای خودموختاری میللی یە"[١٤٩].

بەهەمان شێوە دوای ئەوەی هیوا هەڵدەوەشێتەوەو حزبی ڕزگاری دروستدەبێتو پاشانیش ناوی ڕزگاری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەگۆڕێت، هەمان دروشمی پارتی

---

[149] هەمان سەرچاوە، ل٤٥٨-٤٥٩.

دیموکراتی کوردستان هەڵدەگرێت، لە بەرنامەی حزبی ڕزگاری کورددا هاتووە کە: "کۆشش بۆ سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کورد"[150].

سەبارەت بە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەروەك (کریس کۆچیرا) نوسیویەتی "بەرنامەی نوێی حیزب بریتی بوو لە حزبێکی پێشکەوتوخواز سەرەڕای خواستی نەتەوەیی هەبوو کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقدا خۆی دەبینیەوە، هەروەها پرۆگرامەکەی چاکسازی کۆمەڵایەتیو کشتوکاڵیو چاککردنی باری گوزەرانی خەڵكو...هتد"[151].

بەم شێوەیەو لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دروشمی پارتو ڕێکخراوەکان تەسکبوونەوەی بەخۆیەوە بینیو لەجیاتی دروشمی کوردستانی سەربەخۆ (ئۆتۆنۆمیو خودموختاری) شوێنی گرتەوە.

---

150 د.عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری، ل ١٧٩.

151 د.عبد الستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات، ص١٦٤.

## ئەنجام:

لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا سەبارەت بە خۆیبون-هیوا-ژێکاف، دەگەینە چەند ڕاستییەك:

- هەرسێ پێکهاتەکە بەجیاوازی ئەو بارودۆخەی تێیدا لەدایکبوون‌و بەدابەشکردنی کوردستان بەسنورە دەستکردەکان کاریگەرنەبوون، بەڵکو بەردەوام دروشمی کوردستانی یەکگرتووو سەربەخۆیان بەرزکردۆتەوەو پەیوەندی‌و سەردانی یەکتریان کردووەو لەنێوان خۆیاندا لەهەوڵی یەکگرتندا بوون.

- لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە هەریەکەیان بچوککراوەی ئەو پارچەیە بووە کە خەباتی تێداکردووە، لەبەرئەوە هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی جیاوازی ئاستی کۆمەلایەتی ئەندامەکانیانەوە فرەڕەنگ بووە، ئەمەش بەدیوێکیدا ململانێیەکی ناڕاستە چەوتی وەرگرتووەو بووەتە مایەی پەرەوازەبوون‌و شکستی هەوڵەکان.

- هەموویان لەپێناو تاکی کوردیداو بەخەباتی کوردانە، هەوڵیانداوە تاکی کوردی هۆشیار بکەنەوەو لەڕووی کەسایەتیەوە بەهێزی بکەن‌و بە چەمکەکانی خیانەت‌و برایەتی‌و کوردایەتی ئاشنای بکەن.

- بەهەڵوەشانەوەی ئەم کۆمەڵەو پارتانە، چەمکی کوردستانی یەکگرتووو سەربەخۆ سەری خۆی هەڵدەگرێت‌و هەرێمچێتی‌و ئۆتۆنۆمی دەبێتە دروشم‌و ویردی پرۆگرامی پارت‌و ڕێکخراوەکانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان.

# ژێدەرەکان:

١. ئاکۆ عبدولکریم شوانی: شاری سلێمانی(١٩١٨-١٩٣٢)، لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی یە، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢. اسماعیل شکر رسول: أربیل دراسة تاریخیة فی دورها الفکری والسیاسی(١٩٣٩-١٩٥٨)، اطروحة دکتوراه غیر منشورة، مقدمة الی کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل، ١٩٩٩.

٣. تەلار عەلی ئەمین: کەمالی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەباکوری کوردستان، نامەی ماستەرەو بلاْونەکراوەتەوە، پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاْحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٤. جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری "قەومیەتی"ی ڕۆژهەلاْتی و نەبیری ((ناسیۆنالیزم))ی ڕۆژئاوایی یە – ووتارێکی سەمیناری یە لە ڕۆژی شەممە (١٩٨٤/٨/١٨) لە ستۆکهۆلْم (سوێد) خوێنراوەتەوە، بلاْوکراوەی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورروپا، سۆکسە/لکی سوێد، بنکەی چاپەمەنی ئازاد،١٩٨٤.

٥. جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥.

٦. جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

٧. جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی، و.لە ئەڵمانیەوە: کوردۆ، بڵاوکراوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، سوید، ١٩٨٥.

٨. جليلي جليل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت : د.عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت، ط ١، ١٩٩٢.

٩. حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مربولي، القاهرة، ١٩٩٢ .

١٠. د.عبد الفتاح علي يحيى البوتاني: وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية -ملاحظات تاريخية ودراسات اولية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ط ١ ، ٢٠٠١.

١١. د.عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، شركة المعرفة للنشرد والتوضيع، بغداد، ط ١ ،١٩٨٩.

١٢. د.كمال مظهر احمد: دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، الامانة العامة للثقافة والشباب، بغداد، ١٩٨٥.

١٣. د.ياسين سەردەشتی: جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٣٩-١٩٧٩)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣.

١٤. دانا آدمز شمدت: رحلة الى رجال الشجعان، ت: جرجيس فتح اللة، مطبعة اراس، اربيل، ط٢، ١٩٩٨.

١٥. دکتۆر عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری ی نیشتمانی ی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، چ ٣، ١٩٩٨.

١٦. ڕۆهات ئالاکۆم: خۆییبوون و شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕانی شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠ .

١٧. زنار سلوبی: فی سبيل كردستان (مذكرات)، ت: ر.علی، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكتاب، بيروت – لبنان، ط ١، ١٩٨٧.

١٨. عبد الرحمن قاسملو: اربعون عاما فی الكفاح من اجل الحرية، ت: د.عز الدين مصطفى رسول، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، بدون السنة.

١٩. عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد،ئینتشاراتی محەمەدی،سەقز،چ ٢، ١٩٩٦.

٢٠. غەنی بلوریان: ئاڵە کۆك، سوید، ١٩٩٧.
٢١. فەیسەڵ دەباغ: حزبی (هیوا)و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، هەولێر، چ ١ ، ١٩٩٧.
٢٢. فیصل الدباغ: اضواء على كتاب (الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية فى قرن( ١٩٠٨-١٩٥٨))، مطبعة الثقافة، اربيل، ط ١، ١٩٩٧.
٢٣. کاوە بەیات: شۆڕشی ئاگری داغ، و.ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٤. کەریم زەند: خەرمان - شارا، چاپخانەی بەدرخان، چ ١، سلێمانی،٢٠٠٣ .
٢٥. کەمال مەزهەر: خێروبێری ڕاپۆرنوسێك، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (٨٨)و (٩٠)، ١٩٩٦.
٢٦.کەندالۆ قاسملو وئەوانی تر: گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت، سوید، ١٩٩٨.
٢٧.کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی(١٩و٢٠)دا، و.محەمەد ڕەیانی، چاپخانەی سەقز، تەهران، چ ٢ ، ١٣٦٩ .
٢٨.لوسيان رامبو: الكرد والحق، ترجمة:عزيز عبدالأحد النباتي، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨ .
٢٩. مەحمودی مەلا عززەت: کۆماری میللی مهاباد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣٠. محمد صالح طيب الزيباري: خوييبون وإنتفاضة آرارات (١٩٢٦-١٩٣٠)، گۆڤاری (کاروانی ئەکادیمی)، ژمارە(١)، بەرگی یەکەم، زستانی ١٩٩٧، هەولێر.

٣١. نەجاتی عەبدوڵلا: حزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥ دووڕەوت، یەك کۆتایی، گۆڤاری (ڕابوون) ، ژمارە (٢٦)، ساڵی ١٩٩٩.

٣٢. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان- کورد لە گەمەی سۆڤیێتدا، چ ١، ١٩٩٣.

٣٣. هێرش عبدوڵلا حەمە کریم: سلێمانی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بەشی دووەم، گۆڤاری (هەزار مێرد)، ژمارە(١٨)، ساڵی پێنجەم، کانونی یەکەم، ٢٠٠١، سلێمانی.

٣٤. وليم ايكلتن الابن: جمهورية مهاباد، ت: جرجيس فتح الله، مطبعة اراس، اربيل، ط ٢، ١٩٩٩.

# Xoybûn Hîwa J.K

Hîwa Ezîz



له بڵاوكراوەكانی
مەكتەبی بیرو هوشیاری
(ی.ن.ك)
2006

دیزاینی سۆران
07701558315